کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

(٦٤)

# ژیلەمۆی راز

خالد

هۆنراوەی
مکرم رشید تالەبانی

بەغدا
١٩٨٠

# پێشکەشە

- بەوەی لە ناو دێڕەکانی ئەم هۆنراوانەدا خۆی حەشار داوە .. !
- بەوەی دڵی بۆ منداڵە کزەکانی هۆنراوەکانم لێدەدات و دەکرۆژێتەوە !
- بەوەی دەریایەك خەمی بە کۆڵەوەیەو بەرەو دوورگەی هۆنراوەکانم هەنگاو دەنێت !
- بەوەی بە ئەوینی پڕ بڵێسەوە هێلانەی دڵی داگیرکردم و هەمیشەش هەر وونە !
- بەوەی جەنگەڵێك خەونی لە مێشكدا دەخولێتەوەو لە دوو ڕیانی بەژارەدا مۆمی پەرێشانی پێدەکات !!
- بەوەی چاوی کاروانی بڕیوەتە چاوی فرمێسکاوی هۆنراوەکانم و ژیریان دەکاتەوە !
- بە هەموو پێنووسێکی بێدار ، بە هەموو ووشەیەکی پێکراوی دڵدار !!

مکرم رشید تاڵەبانی

# سیمفۆنیای ئەوین !

هۆ ئایشێ گیان
تۆ دەزانیت ووشەکانم
ڕەوە پاساری‌ی برسین‌و ••
دەنووك لە چاوی تینوێتی‌ی خۆشیت ••
دەدەن !
بە گۆی مەمکی دڵداریت‌دا ••
سەردەکەون ••
دەدەن •• لە شەقەی باڵی پێکەنین ••
زامەکانیان دێنەوە سۆ ••
ڕوو دەکەنە •• ئاسمانی تۆ
ڕازی شاراوەی نێو دەروون ••
لە قووڵایی خەونەکانی ••
هەر دوو دڵدا ••
وەدەردەخەن !

★ ★ ★

هۆ ئایشێ گیان ..

خۆشەویستی .. ئاگرێکەو ..

بەربووەتە دڵی ناسکی .. هەردوکمان !

گڕو بڵێسەی هەڵچووە !

ئوقرەش .. گڕی تێبەربووە !

وا گەییوەتە سەر ئێسقان !

چاوەڕوانی ..

پەرێشانی ..

هەموو سووتان !

دەسا وەرە .. ئاوی دەریای ..

لێوت بێنە ..

ئەم بڵێسە بێپایانە ..

لە نێو دڵی بە کوڵمدا ..

دامرکێنە !

تاکوو پەری شادمانی ..

خێرا بێت و ئێشك بگرێت ..



گوڵی ماچە سەوزەکانی ••
تێر ببەخشێت ••
بە بەهاری خەونەکانی ••
ئـەم ژ یـانـە !

★ ★ ★

هۆ ئایشێ گیان ••
لەنجەکانت ••
جمو جووڵی پەنجەکانت ••
قاقای پێکەنین و بزە
گەنجەکانت !
سیمفۆنیایەکی نوێی ئەوینن ••
سروەی شەماڵی دڵدارین ••
شیرین •• شیرین
بەرەو چەمی •• پڕ لە تەمی ••
دڵی ماندووم •• هەنگاو دەنێن !
تا بتوانم •• پڕ بە گەرووی ••
دەنگی تینووی خۆشەویستیم ••

بڵێیم ئایشێ •• خۆشم دەوێیت ••
دڵی گەشی وەك تامەزرۆم ••
بێ‌چاوی تۆ ••
بێ ڕوومەت‌و هەناوی تۆ ••
لێی ناسرەوێت ••
لێی ناسرەوێت !!

١٩٧٦

## داو

تۆ دەزانیت ؟!
من سووتانی بە جێماوی سووتانان بووم ؟
لەسەر چڵی کۆنی ژیان
داوێکی زۆر زۆر ئاسان بووم
خۆم نامەوەو
خۆم پێوەبووم ؟!

١٩٧٦

# چەند وێنەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ !

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

لە دارستانی ژیاندا ..
کاتێك دەڕۆیت بە ڕێگاوە ..
هاوڕێیەکەت جێ مەهێڵە !
لەوانەیە لە پەناوە ..
گورگێکی هار ..
خۆی مات دابێت !

★ ★ ★

لە باوەشی ئەم ژیانە
خۆت بە گەورەو زل مەزانە
چونکە ڕۆژگار ..
بێ ئامانە !
لە چوار لاوە ..
سەرەولێژیو گۆڕستانە !

★ ★ ★

لە نێو درزی ئاوێنەوە ..
سەیری خۆت کرد ..
با دڵت لەسەر خۆی نەچێت . !
دڵی ئاوێنەکە دەشکێت
هیچ چوارچێوەیەکیش نامێنێت ..
باوەشت بۆ بگرێتەوە !

★ ★ ★

تف مەکەرە کانیاوەکان
لە خوارەوە
پاساریەکان ..
نووساونەتە ئاوەکەوە !

★ ★ ★

بە ڕێگادا .. دوور بڕوانە ..
لە سەرخۆتیش
هەنگاو بنێ .. !
لەو چاڵانە ..
سەرسم نەدەیت لەبەر پێتن !

★ ★ ★



لە نێو گەرووی هاوارتەوە ••
مەقیژێنە
دەنگی گەرووت مەنووسێنە
لە چەمێکدا
گیر دەخۆیتو کەس نایەتە
هاوارتەوە !

★ ★ ★

لە کەناری ڕووبارەکان ••
سواری ئەسپی شێتی مەبەو
لە بووارەکان ••
بپەڕەوە !
لە خوارتەوە ••
گۆمێکی زۆر قووڵی بێ‌بن ••
کەفچەرێنی ڕقو کینەی ••
زۆر هەڵچووە !

★ ★ ★

وا زستانە ••
بەری هەتاو ••
لە کەس مەگرە ••
لەو لاتەوە ••
سێ پیرەژن •• سێ پیرەپیاو ••
سەرمایانە !

★ ★ ★

سواری ئەسپێك مەبە ••
بە دەستی خۆت ••
ڕەشمەو زینت نەکردبێت
تاوت دەداو دەکەویتە
ژێر چوار پەلی ••
بۆ هەمیشە •• ملت دەشکێت !

★ ★ ★

لە سەر خەرمان ••
فەندەکەکەت •• دامەگرسێنە !
باکە توندەو ••
ئەو منداڵو پاساریانە ••
برسییانە •• برسییانە !!

١٩٧٧

# تابلۆی هەستێکی نوێ

بارانێکم ..
بە سەر وەردی جوان کێڵراوی ..
گشت ساڵتاندا ..
دەبارم !
هاوارم ..
لە مایکرۆفۆنی گوێی ژینتاندا ..
ئارام دەگرم !
بانگەوازم ..
بە پێشوازیی ئاهەنگەوە ..
دەنازم ؟
دەخوازم ..
گوڵاوی ووشەی شیرینم
بە ڕووتاندا .. بپرژێنم .. !
هەنگوێنم ..
لە شانەگای هەستو نەستی ..
بڕواتاندا ..


ڕەگ‌و ڕیشەم •• دەڕوێنم !
بەهـارم ••
لەسەر چڵی نازی گەشاوەتان ••
دەخوێنم !
من دەنگێکم ••
تێکەڵاوی دەنگتان دەبم ••
من ڕەنگێکم
ڕەنگی ئێوەم لەگەڵ خۆمدا ••
هێناوە !!
لە ناو جەرگەی ژیانتاندا ••
تابلۆی گەشی ••
هەستێکی نوێم ••
جوان ڕازاوە ••
جوان ڕازاوە !

١٩٧٦/٩/٢٤

---

تێبینی :

**لەم هۆنراوەدا کێشـــی سێ بڕگەیی‌و چوار بڕگەیی بەکارهێنراوە •**



# چەند وێنەیەکی ئەلبومی دڵداری

١- حەز

من حەزدەکەم ••
بزەیەك بم •• لەسەر لێوت ••
هەڵبکرێم و نەکوژێمەوە !
لەناو ماوەی بێ دەنگیدا ••
ووشەیەك بم ••
بەرێی سینەی پێکەنینی ••
هەردوو سێوت ••
دەنگ دەمەوەو نەسڕێمەوە !
من حەزدەکەم ••
هەر حەزێك بم •• لە فەرهەنگی
کامەرانی ئارەزووتدا ••
گەشەبکەم ••
لە زستانی پڕ ڕەهێڵەو
لە هاوینی ڕەشەبادا ••
نەتوێمەوە •• نەتوێمەوە !

★ ★ ★

## ٢ ـ درەخت

له دووریی تۆ ..
درەختێکم .. گشت ئاوێکم لێ تۆراوە
هەموو ڕۆژێك ..
سەرنجی ڕووی زامەکانم ..
ئاخەکانم ..
دەدەمەوە !!
گەڵاکانم .. خەزانیان دێت ..
گریانیان دێت ..
زەرد دەبنەوە !
کە بۆنی تۆ .. سروەی بەیان ..
دەیهێنێتە باخچەی ژیان ..
خۆشیەکانم ..
گەڵا دەکەن ..
شین دەبنەوەو
دەڕوێنەوە ..
دەڕوێنەوە !

★ ★ ★

### ٣ ـ خێوەت ••

لەناو سینەی ئارەزووتدا ••
بە نازەوە ••
دوو خێوەتی لیمۆ ئاسا ••
بە نەوایی‌و دڵخوازەوە !
سەری خۆیان لێ‌هەڵداوە !
ئاخ ئامەزرۆی پەنجەکانم ••
بۆ گوشینی ئەو دووانە !
زەردەخەنەی •• لە دێرەوە ••
لێ‌تۆراوە !
ساتۆ •• وەرە ••
ئەم پەنجەرە ••
لە بەردەمی حەزەکانی ••
پەنجەکاندا ••
بکەرەوە !
نەك یەك‌و دوو ••

بەڵكوو •• هەزار ماچی سەوزی

بە ئارەزوو •••• پڕ بە باوەش

بیبەرەوە ••

بیبەرەوە !

★ ★ ★

## ٤ - دڵ

ئەی کیژۆڵە خرپنەکە ••

خۆشم دەوێت‌و ناوێرم ••

لەبەر چاوی بەربڵاوی ••

ڕێگاو بان‌دا •• بیدرکێنم !

هەر ناوێرم •• کۆتری سپی‌ی ••

سەر لێوانت ••

لەناو باخچەی دڵداریدا ••

هەڵفرێنم !

چاوەڕوانی دەرفەتێکی ••

پڕ لە تیشکم



هەردوو بە دوو •• لەسەر ڕێگەی خۆشەویستی
بەیەك بگەین ••
لێك تێبگەین !
دڵی خۆمت •• بۆ دەربێنم ••
بڵێم خۆشمدەوێیت ••
تێر بتدوێنم
•• تێر بتدوێنم !

★ ★ ★

**٥ ـ کامێرا**

حەزم دەکرد •• لە ژیاندا ••
خاکی ڕێگەی ژێر پێی تۆ بم ••
ڕیزی شوێن پێت ••
لەسەر لەشم
خۆری هەڵبێت !
ئاوا نەبێت !
نەڕواتەوە !!
کە پێت نایە دڵو جەرگی خەزانمدا ••

شوێنەکانی ببنە نەخشەی خۆشەویستی‌و

ئەوینی تۆم .. هەرگیز لەیاد ..

نەباتـەوە !

حەزم دەکرد ..

کامێرا بم ..

بۆ یادگاری .. یادەکانت ..

ئاسکە بزەی لێوەکانت ..

تۆمار بکەم ..

وێنەی جوانت ..

پڕ شار بکەم !

لەبەر ئەوەی .. تینوویەتی‌ی نەهەنگەکان ..

نەمخواتەوە ..

نەمخواتەوە ..

دڵدارەکەم !

●

١٩٧٦

# نامەوێت !

شــــیرینەکەم

من نامەوێت ، گوڵای سەوزی

بەژن‌و باڵای بەرزی ژینت ، بوەرێنیت

بۆی ڕووت‌و قووت ببیتەوە !

من نامەوێت ، لەسەر کۆرپەی ناو هێلانەت

هەڵبفڕیت ••

نەیەیتەوە !

من نامەوێت ، داو بۆ ڕێگای گەشی ژینت ••

بنەیتەوە !

لەنــــاو لــەشی بێئــابڕویی •• بتوێیتــەوە !

من نامەوێت ، بەرەو دواوە

ملی ڕێگای دوێنێی ڕەش‌پۆش بگریتەوە !!

•

١٩٧٤

# گۆرانی

گۆرانی‌یە غەمگینەکەم
باسی ژینی تۆی تێدایە !
زامی قووڵی دەروونمانی
لە توێدایە !
داستانێکی بێکۆتایە
تا هەتایە
ئەیگێڕمەوە !
نە شەو ، نە ڕۆژ
جیهان دوای بێت
ئەم گۆرانی‌یە غەمگینەمان
بێکۆتایە
دوایی نایە !!

★ ★ ★

١٩٧٤



# ئەوگۆرانییەی هەموو ڕۆژێك گوێی لێ دەگرم !

گیانە تۆ ئەو گۆرانییەیت ..
لە ناخەوە ..
دەمهەژێنیو دەنووسێتە دڵی گەشی
ئارەزووی پڕ لە تینمەوە !
بە ئاوازە سۆزاویەکەت ..
هەڵدەچمو
سەرلەنوێ خۆم دەبینمەوە !
هەموو ڕۆژێك ..
گوێت لێدەگرم ..
بە کۆتایی دوا ئاوازی
سیمفۆنیاکەت دوایی دێمو
دڵ ڕادەگرم !

★ ★ ★

دەسا •• وەرە •• ژیان ••
ڕووبارێکەو غەم دەبات و غەم دەهێنێت ••
سۆز ئاگرەو ••
دڵو دەروون بە تیشکی گڕ ••
دەسووتێنێت !
مردن •• گریانێکەو ••
لەناکاودا •• گوڵاوی تاڵ ••
بە ڕوومان‌دا ••
دەپرژێنێت !
دەسا خۆت بڕێژە ناخی تامەزرۆی
ئاخەکانمەوە ••
دەنگت بنووسێنە پەڕەی گوڵی
پڕ دەنگی ووشەکانمەوە
تاکوو تۆزێك بە ئەوینی پەرداخی مەی
لەناو ژیانی ئارەزووی ئەشقی
بێ‌پەی ••

مێشکی دڵمان سەرخۆش بکەین ..
بە سەر باڵی خەیاڵەوە ..
گەشتێك بکەین .. !
چونکە کچێ .. ئەو گۆرانیەیت ..
هەموو ڕۆژێك ..
گوێت لێ دەگرم !
تینووم ناشکێو گەر نەتبیسم
ئیتر دەمرم ..
ئیتر دەمرم !

١٩٧٦/١١/١٧

●

٤

# خۆزگەکان پەرۆباڵ دەردەهێنن !

★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★★

••• بە منداڵی •• دڵدارێك بووم ••
کە دەم‌بینی ••
ئەستێرەکان •• ماچی گۆنای ••
یەکیان دەکرد •• !
پەڵە هەورە سپیەکانیش ••
لە باوەشی یەکتری‌دا ••
سەرخەوێکیان بۆی دەشکاند !
••• منی خەمیش ••
ڕووبارێك بووم ••
بە دووی چاوی کەنارێك‌دا ••

دەگەڕامو ..
حەزمدەکرد ..
ئەو قردێلە نایابە بم ..
بە تای زوڵفی ..
کیژی گەورە ماڵێکەوە !

★ ★ ★

بە منداڵی .. دڵدارێك بووم ..
حەزمدەکرد .. بێ پەساپۆرت ..
بە کیشوەری ..
جووتە مەمکی قژکاڵێك‌دا ..
هەڵبزێیم ..
لەناو کۆشکی گۆی مەمك‌دا ..
دامرکێیمو تێر بحەسێم !!
بە ناو دەشتی سینەیەك‌دا ..
گەشتێك بکەم ..
چش با پاسەوانانی پادشاش بێن‌و

ئابڵۆقەم دەن ..
خۆ هەر لەوێ .. بەندم دەکەن !


★ ★ ★

بە منداڵی .. دڵدارێك بووم ..
حەزمدەکرد .. بە نهێنی ..
لە ڕووباری ماچی لێودا ..
بخنکێم‌و ..
ئاوی خۆم‌و ماچەکانیش ..
لە پەڕاوی ..
خەون‌و چاکەی دێکەماندا ..
نەدۆزنەوە !!

★ ★ ★

بە منداڵی .. دڵدارێك بووم ..
حەزمدەکرد .. لاولاوێك‌بم ..
بە قەد باڵای ... چاوکاڵانی ..
دێکەماندا ..





بئاڵێم‌و ••
کەس نەتوانێت دەست‌و پەنجەی ••
خۆزگەکانم •• !
لە باخەیان بکاتەوە !!

★ ★ ★

بە منداڵی •• دڵدارێك بووم ••
لە وولاتی ئەوینەوە ••
خەونی قەشەنگ •• زوو دەهات‌و ••
پەری یەکی باڵا بەرزی ••
وەك شەوچرای •• بۆ دەهێنام ••
تێر یەکترمان •• دەگەوزاندو ••
لە ناو ماچدا ••
دەتواینەوە !!
کە بەیانی هەڵدەسام‌و ••
هەستم دەکرد •• ئێو باوەشم ••

ساردو سڕەو خاڵیو پەتی ••
ئیتر •• دادەنیشتم ••
پرسەم دەگرت •• تێر دەگریام !

★ ★ ★

بە منداڵی دڵدارێك بووم ••
حەزمدەکرد •• چاوڕەشەکان ••
بە ئاسمانی ئەوینمەوە ••
ئەستێرەبن ••
هەڵبکرێنو •• نەکوژێنەوە !
خۆیشم ئەو بەفرە بم ••
لە باوەشی گەرمو گوڕی
نیانیاندا ••
نەتوێمەوە !

★ ★ ★

که گه‌وره بووم •• ڕاست‌و چه‌پی ••
خۆمم ناسی ••
ئه‌و خۆزگانه •• له جه‌نگه‌ڵی دڵم ئالآن ••
له گیانم‌دا ••
گه‌شه‌یان سه‌ند •• !
له فه‌رهه‌نگی ژیانم‌دا ••
ده‌می خۆزگه‌ی تاسه‌ی چڕیان ••
کرایه‌وه !
په‌ڕو باڵی په‌رۆشییان ••
له له‌ش ڕووا ••
به‌ڵام ده‌ستێك نه‌بوو ••
لێوێك نه‌بوو ••
ئه‌م ده‌ردانه‌م
تیمار بکات !
هه‌ر بۆ تاوێك ••
چاوی زامه‌کانم •• له‌یه‌ك‌بنات !!

١٩٧٧-٦-١٢

# بـــاران ...!

[ هەیارانو مەیاران ..
یا خوا بیکەیتە باران ..
بۆ جووتیارو دڵداران ! ]

★ ★ ★

نمی باران ..
لەسەرخۆ جوان ..
دڵۆپ .. دڵۆپ .. دادەڕژێتو دەیەتە خوار !
دارو دەوەن ..
بەرگی ڕەنگین .. ڕەنگی زۆر شین ..
دادەپۆشێت !
گیای چیا ..
سەوز دەبێو دێتە سەما !
قەراغی ڕێو چەمو دەریا ..

شنه دەکاو لە هەڵهەڵەی شادی دەدا !
کارێزی ئـاو ..
جۆگەو کانیاو ..
قوڵپە دەکاو خەم‌و خەفەت دەداتە با !
زەمینی ووشك .. زەوی‌ی تینوو ..
مردووی زیندوو ..
زیندووی مردوو .. تێر ئاو دەبێ‌و ..
بولبولی چەم ..
پەستە دەڵێ‌و .. مژاوی‌ی تەم
پەژارەو غەم ..
بۆ هەمیشە .. سەرهەڵدەگرێت !

★ ★ ★

[ هەیاران‌و مەیاران ..
هەروەکوو ساڵی جاران ..
یاخوا بیێتە باران ..
بۆ گەنم‌و جۆی جووتیاران ! ]

★ ★ ★

وا باران دەبارێت ••
نم نم دادەڕژێتو دێتە خوارێ
کوڵمو گۆناو سنگو مەمکی ••
یار تەڕ دەکات !
یاری شەیدا ••
بەرگی سۆزی خۆشەویستی ••
لەبەر دەکات !
دەنگی بەستەو ئاوازی نوێی
گوێ کەڕ دەکات !

★ ★ ★

[ هەیارانو مەیاران ••
یاخوا بیبێتە باران ••
هەروەکوو ساڵی جاران ••
بۆ هەڵاڵەی کۆساران ! ]

★ ★ ★

وا بارانە ••
تك‌تك •• تنۆك •• تنۆك ••
دادەبارێت ••
دێتە خوارێ !
منی دڵدار •• بەرەو ژووان ••
هەنگاو دەنێم ••
هەر دەڕۆم‌و ••• هەر چاوەڕێم ••
تکەی باران
دەستی سۆزی •• بە سەر قژو ••
لەشی پڕ لە ئارەزووم‌دا ••
دەبارێنی‌و
بۆ باوەشی یادەکانم ••
دەباتەوە !

★ ★ ★

[ باران بارانە •• شادیی دڵانە
ئەم گیتی‌یە جوانە ••
باخچەی هەمووانە ! ]

★ ★ ★

باران نەبارێت ••
نەیەتە خوارێ •• !
بزەی سەر لێو •• ڕووبارو شێو
ووشك دەكاو دەتارێت !
پەژارەو غەم ••
هەروەكوو تەم
هێرش دێنێو سەرهەڵدەدات !
گەڵای درەخت ••
ئاوازو بەخت ••
وەكوو ساوای پەتا كوشتە ••
هەڵدەوەرێت !



باغی خۆشی‌ی ڕەنگی گەشی ..
چاوی دولبەر ..
سیس دەبێت‌و دادەژاکێت !
پۆلی مەلان ..
مەلی خەم‌و پەرێشانی‌و ئازارو ژان ..
باڵی خەفەت دەگرنەوە ..
هەر دەڕۆن‌و لە هیچ شوێنێك ..
نانیشنەوە !
تاکوو شێوەو ڕەنگی باران ..
دەدۆزنەوە !

★ ★ ★

[ هەیارانو مەیاران ..
وەها دای‌داوە باران ..
خۆشی‌ی خستۆتە شاران ..
هەروەکوو سالی جاران !! ]

١٩٧٧-٣-٨

# تامەزرۆی کیشوەری چاوەکانتم !

ڕێگا بەرەو کیشوەری چاوەکانت ..
ســامالە !
وەرزە بای پێکەنینت ..
شــەمالە !
ئەمشەو دێمو دڵی خۆم ..
ڕادەخەم ..
لە باوەشی ..
دڵۆپەی فرمێسکی گەرمو گەشی
ڕازەکانی ئەبرۆتدا ..
سەرخەوێکی پڕ لە تاسە
دەشکێنم !
دەبمە درەخت ..

ئاوی بێداری هەڵدەمژم ..
بە شنە بای هەناسەکەت ..
گەڵای تەنیایی
دەوەرێنم !
گیانی ئارام ..
بە فێنکە سروەی بەهاری دڵداری
ڕادەژێنم !
دەست بە گێسووی ..
کۆرپەی ماچی لێوانتدا ..
دەهێنم !
ڕازی هۆنراوێکت بۆ دەخوێنم ..
پەژارەو غەم ..

دوور خاتەوە •• !

بەرەو چێژی خۆشەویستیت ••

بکاتەوە !

لە قوولایی دەریای هەستو نەستدا ••

گەوهەری هۆنراوێکت ••

بۆ دەردێنم !

بۆ ئامێزی خەوی خۆشت ••

بیاتەوە •• بیاتەوە !

★ ★ ★

بە پاپۆڕی یادەکانم •• خێرا هاتمو ••


دابەزیم ••

بە ناو باغی سنگو مەمکی ••

نەرمو نۆڵی شادیتدا •• هەڵزنام !

له بیابانی شیتی‌دا ..
ئەسپی سۆزو تامەزرۆیی
هەڵی گرتم ..
بۆ جەنگەڵی خەونەکانی ..
منداڵی‌ی دەبردم ..
بۆیە ووشەی خونچەی زارم ..
بووەتە زام ..
لە هەمێزی پەرۆشیدا ..
خۆم‌و یادم ..
هاوارو گریەو دادم ..
ڕوو بە ڕووی یەك دەبینەوە ..
هەموومان یەك دەگرینەوە !

★ ★ ★



خۆشم‌ویستیت ••
لەسەر گلینەی چاوی ژینم ••
نەخشەم کێشایت !
هەر بە ماچی شادمانی ••
پەیکەری ئەوینم ••
بۆ تاشیت !
خۆشم‌ویستیت ••
بەفری ڕێگەی دڵداریتم ••
توانەوە !
لە ڕۆژێکدا •• حەوت گوڵم ••
بۆ سەر مەمک‌و زوڵفی لوولت ••
ڕوانەوە !

بۆی گوڵاوی هەناسەتم ••
بووژانەوە !
هەر بۆ ئەوەی ماچێکی نوێی ئارەزوو بم ••
لەسەر گۆنای دواڕۆژتدا ••
ژینی حەزم •• هەڵئەوەرێت ••
دانەمرکێت ••
بەژانەوە !

١٩٧٧/٣

# ئەوشەوەی ئەستێرەی خەم
# لەجریوەجریو ناکەوێت !

**[ سەر بەردەبازی ڕێتنە ، تەن تەختە بەندی جێتنە دڵ مەیلی خاکی پێتنە ، ڕۆح ماڵی خۆتە ، بیبە ] ..**

**« نالی »**

تۆ پێم ناڵێیت ..
بۆ یادی ئەو ڕۆژگارانە .. ناکەیتەوە ؟!
دوو پەپوولەی ..
گوڵزارێك بووین ..
لەسەر لقی دارە بەڕووی ..
کێوی هیوا ..
هەڵدەنیشتین
باڵی خەومان .. دەگرتەوە !
بۆچی بەسەر .. بەستی دڵە پەستە ،
خەفەت بارەکەمدا ..

هەنگاوی قورس دەهاوێژیو

ئاووڕیش لە ڕووی ..

تاسە دووروو درێژەکەم .. نادەیتەوە ؟!

[ وەرە ئەمشەو ..

دلی تەنیام شەیدایەکەو ..

هەوری پڕ لە بارانی سۆز ..

بە ئاسمانی چاوانیدا ..

چین لەسەر چین پاڵەپەستووی گریانیانە .. !

بۆ ئاوڕم لێنادەیتەوە .. ؟!

گوێم لێبگرەو ..

چەند ووشەیەك ..

ئاڕاستەی ئەم دڵە کۆڕپە ..

پەژارەم کە !

وەرە ئەمشەو ..

با زوو شوورەی نێوان دڵمان ..

بڕووخێتو ..

ئارەزووی شێت دەم ئێتە ئێو •• دەمی مەمکی دەیان
هەزار ساڵەی دووری !
وەرە ئەمشەو ••
[ تەنیایی ] یەکەم دڕندەیەو ••
کەڵپەی چڕی ••
بۆ برینی شلکەی ڕانی ••
یادەکانم دەهاوێژێت !!
وەرە تۆزێك •• ڕێگایەك بە ••
بەناو جەرگەی تاسەکانی منداڵیتدا ••
تێپەڕم و ••
لە کەناری خۆدیتنەوەو ••
ئارامیدا خێرا هەڵبگیرسێمەوە !!
پێم نەوتیت ••
دوری •• بەیامێکەو •• ناگاتەجێ !!
ئیتر بۆچی ••
سواری ئەسپی •• خۆبایی بوویت ••

بەناو ڕەزی هەستەکانی ..
ڕۆژانەمدا .. دڕکی ڕق‌و کینەبەریت ..
ئاڕاستەی دەست ..
چاوانم کرد !
پێم نەووتیت .. من ئەو خەونە ..
بزرکاوەم ..
لە شەوانی بەراتیش‌دا ..
نە ئەم‌بینی‌و .. نە ئەت‌بینم !
پێم نەووتیت ..
پردی نێوان ئیزگەی دڵی هەردوو ..
مێخی سەختی .. تێدا .. داکوتراوە !
ڕاناکشێت .. ناگاتە ئەو مەنزڵگایەی
وا خەومان پێوە دەبینی‌و .. وەکوو منداڵ ..
بەرەو پیری‌ی ..
بزە گەشە داگیرساوە ڕووناکەکان .. هەنگاوی سووك ..
ڕای‌دەماڵین ..

ئامەزرۆیی •• دڵێکمان جوان هەڵگرتبوو ••
ئێزەی سەختی پێك گەیشتن ••
شەقار شەقاری دەکردو ••
نەی‌دەدایە دەستی لەشمان !
ـ بۆ نازانیت •• ؟!
ئەو کانیاوەی •• لە دامێنی ••
چیاکانی ئەوینەوە •• هێدی هێدی
وای نیازە •• تینووی دڵی ••
خەفەتبارە •• ڕەنگ زەردەکان ••
تێر ئاو کاتو ••
بەناو توولە ڕێگاکاندا ••
دەستو بازووی ئارەزوویان ••
لە گەردنی
مەمک خڕە بێ‌ئوقرەکان ••
بنالێنێت !
خۆی بە تیری

ئەو چاوڕەشە •• پێکراوە
بۆ ئارەزووو ، تەنیا جارێك
دەمی ناوەتە ئەو ئاوە !
کە پەیامی شۆخو شەنگی ••
لەبەر چاوی خۆری دڵدا ••
دادڕاندو ••
دڵی گەشی ئەو ناسکۆڵە تاس‌بردووەی ••
تێك لەرزاندو ••
هەواڵەی نێو ••
دوورگەی غەمو پەژارەی کرد !
[ گەر دەتەوێت •• گوێم بۆ شل کەیت ••
خۆ سا وەرە •• گوێی ئەو دڵەت ••
بنێ بە سەر سنگی هەڵچووی ئەم دڵەوە •• !
سا بزانە دەنگ‌و بانگ‌و هاوارو داد ••
بۆ کوێ دەکات ؟! ]
– ئەرێ دیوتە ••

ڕووباری چەم لە کەناری دێرینی خۆی ••
یاخی ببێو ••
پەنا بباتە بەر شەوەزەنگی هەڵدێرە پڕ دڕکو
زەردەسیریو پەیکولەکان ؟!
[ ئەی تۆ دیوتە ••
ڕووبارەکان •• کە هەڵدەچن ••
ئەم کەند •• ئەو کەند ••
دادەپۆشن !
قژی کاڵی کەنارەکان ••
شانە دەکەن ••
پەیتا پەیتا •• ماچی سەوزیش ••
لە سەر گۆنای لێوارەکان ••
دەڕوێنو •• دەستی سۆزیش ••
بە سەر قژی
خەفەتباریاندا •• دەهێنن !
کە لافاوی هەڵچوونیانیش ••

دادەمرکێت ..
ڕێی دێرینی خۆیان دەگرن ..
لە هیچ شارو شارۆچکەیەك ..
لەنگەر ناگرن ..
هەر دەڕۆنو ..
هەر دەڕۆنو ..
دەستو پەنجە ..
لە گەردنی بووکی کەنار .. ناکەنەوە !
ـ دەپێم بڵێ ..
بۆ بە عابای نەزانینو بیرچوونەوە ..
لەشی خۆری ..
هیواکانت .. دادەپۆشیو ..
بیر لەو ڕۆژە ناکەیتەوە ..
دوو دڵی سەوز ..
لە سێبەری گەڵای گەشی دڵداریدا ..
نوێنی نەرمی خەونەکانیان ..

ڕادەخستو
پەردەی ڕەشی گشت ڕفێکیان
دادەدڕاند !!
ـ ئەی من نەمووت ••
ئەو خەنجەرەی لە قاووغی ••
ترس و تەوس و دڵ لەرزیندا ••
نووکی تیژی خۆی کولبکات ••
خەنجەر نییەو ••
زۆر پێویستە •• ڕەنگ و شێوەی ••
بسڕێتەوە !
[ وەرە ئەمشەو ••
دڵی تەنگم •• کەوانێکەو •• چووەتە یەك ••
جیهانیش ئەو دوومەڵە زوو تەقیوەیە ••
چڵك و كێمی ••
هەوای ژینی گرتوەتەوە !
وەرە دوو سێ ووشەی گەشی دڵتەزێنو ••

بووژێنەوەم ••
ئاراستەکە !
تا بە سواری فڕۆکەی خەون ••
ئەم جیهانە جێدێڵم و ••
ڕۆژێکی تر •• دەکەمەوە ! ]
ـ کاتێك دەمووت ••
خۆت بناسەو ••
لە هەڵدێری ڕەشکەو پێشکەی ••
چاوی ژیندا ••
خۆت وون مەکە !
زوڵفی ڕەشی •• بێپەیمانیت ••
دەدایەلاو ••
دڵی تاسەت •• دەهاویشتە ••
کۆشی شەوی وێرانەوە !
[ پێم نەووتیت ••
خەونەکانت هەڵدەبڕزکێن ••





ماچو ڕازو هیواکانت ••
له ستەمی مل‌کەچی‌دا •• خێرا هەڵدێن !
پێم نەووتیت ••
پێك‌گەیشتن قوولەی قافەو ••
سەدان کالآی ئاسنینیش لە پێ بکەیت ••
قەت پێ‌ی ناگەیت ؟!
ئەی من نەمووت ••
نزیکیش •• خەوتێکی زەردی تێکچرژاوە ••
بە پەرژینی •• پەرێشانی ••
دەوردراوە !
نەمووت نەکەیت •• توخنی کەویت ••
من دەمزانی •• ناپەڕیەوەو ••
مەلیش نی‌یە •• بە ئاسمانی ئەو شوێنەدا ••
هەڵفڕێت‌و ••
دەست بگریتە •• دوو قاچیەوە !! ]

ـ ئەمشەو •• تەنیام

سەری گێژم درنگەی دێت ••
گێژەنگەی بیر •• ووشەکانم تێکەڵ دەکات !
خەویش ئەو نهێنی‌یەیە ••
دەستی لە یاخەم گیردەکات ••
چوولەکەیەو ••
دەنووکی تیژ •• لە دەروازەی ••
هەستم دەدات !!
کەسیش نی‌یە •• غەمی دڵی
وەکوو غەمی دڵەکەی من •• گنگڵ‌بدات !
لە ناو گڕی ••
خۆرەتاوی ئەشقێکی وای زۆر پیرۆزدا ••
بسووتێت‌و سەرهەڵبدات !
تا هەر دوو دڵ ••
دەستی ئۆخەی لە مل کەن‌و
لەو ئەشقە زۆر پیرۆزەدا ••
بۆ هەمیشە ••
بتوێنەوە !!

★ ★ ★

١٩٧٧

# برینەکان مەکوڵێنەوە !

ئەی کیژۆڵە غەمبارەکەم ..
نەکەیت .. دەستت ..
لە دەروازەی بێسنووری خەمەکانم
گیربکەیت‌و ..
تیلی چاوت .. وا بیرێتە ڕوومەتی ڕێی
بێ‌پەنجەرەی ..
زامەکانم ..
بە هەنسکی تۆی دەروونی
ئاخەکانت ..
برینەکان .. بکوڵێنیەوە !!
گیانە .. نەکەیت ..
پەساپۆرتی .. کەشتیی غەمی ..
بێ‌بەندەری ..
بێ‌دوڵبەری ..

خەونەکانم •• لێ زەوت کەیت !
تۆ ناتوانیت •• بە سەر پردی
ژانەکانی دڵی مندا ••
زوڵفی ڕەشی گۆرانیو خەون ••
شانە بکەیت ••
هەوڵ بدەیت ••
بیەڕیەوە !!
تۆ ناتوانیت •• سێبەری خۆت ـ
ئاشنای دیواری ئەوینم کەیت ! •
سەر لە گۆڕی تزای ووشەی ••
شیرینم دەیت !
مشتێك خۆڵی لەشی خوێنم ••
ببەیتەوە !
داری بەرزی •• ڕەگو ڕیشە ••
سەختو توندی ناخی دڵم ••
ببڕیەوە !
لە ئاسمانی پڕ بارانی ••
ووشەی سۆزی پەلکە زێڕینەی



ساڵە دێرینەی ••
دڵداریمدا ••
ئەستێرەکان کپبکەیتو ••
بکوژێنیەوە !
دەسا بڕۆ •• دەستی ژینت ••
لە باخەی دڵ ••
بکەرەوە !
لە سێبەری بەردی ڕەقی یادەکاندا
پاڵ دەرەوە !
من دەڕۆمو ••
ڕێگەش •• کەندی بێووچانی تەنیوەتی •• !
چاوی خۆریش ••
تەورداسی هەڵپاچینو نووشتانەوە ••
ڕنیوەتی !!

دڕکی هەزار •• بە هەزاری ••

بێ بەهاری ••
چنیویەتی !!
بگەڕێوە •• بگەڕێوە ••
خۆت مەکوژە ••
بە تاڵە مووی پسێنراوی ••
ئەو دوو لێوە !!
تۆ ناتوانیت ••
ئەم گۆرانیە تووڕەیەی من ••
بە ئاوازی سیمفۆنیای ••
لەخۆبوردن ••
بڵێیتەوە !
بگەڕێوە ••
ناساڕێژی برینەکان ••
مەکولێنەوە !
من وا دەڕۆم ••
بۆ بەندەری •• خۆزگەیەکی ••

بێ ناو نیشان ••
هێشتا لەشی •• خوێن و هەست و بیری گەشی ••
لە فەرهەنگی ووشەکان‌دا ••
لە هۆنراوەی •• بێ‌زمان‌دا ••
نەمەبیوە !
من دەڕۆم و خەمی ڕێگا ••
هاوڕێی هەنگاوی سووتاوی ••
بێ نەخشەمە !
تۆ ناتوانیت غەمی دڵی بێ‌ئاوازت •• !
بڕێژیتە نێو ئەم غەمە !
بگەڕێوە •• بگەڕێوە ••
بـا بقرچێت
بـا بسووتێت ••
پەلەو تاسەی ئەو دوو لێوە !

١٩٧٦

# شـــاری دڵـــ

★★★★★★★★★★★

لەگەڵ خوێن‌دا ..

بە شەقامی بێ‌داوێن‌دا ..

چوومە شاری ناو دڵەوە !

شاری چڕی پڕ مەترسی

هەواڵێکیماڵی خۆشەویستیم پرسی !

لاشەیەکی بێ‌سەرو ناو

لەش هەنجراو

ماڵی ڕقی پێ‌پیشاندام

سەرم سوڕما

کاتێك دەستی ڕقم بینی

خۆشەویستیی گیر هێنابوو

چنگی نابووە بینای بینی !!

١٩٧٥


# هێلانە ... !

پێت نەووتم ..
بۆ من بە پرد دەزانیتو
بە سەر لەشی بریندای
پڕ پەیکوڵی دڵداریمدا ..
تێدەپەڕیت ؟!
بۆ من بە خاك تێدەگەیتو
لەسەر شانی ..
بێ ووچانی ..
ئۆقرەکانم .. هەڵدەپەڕیت ؟!
پێت نەووتم
بۆ من بە ئاو دەزانیتو
سکی خەونی
ماسیی دڵم
هەڵدەدڕیت ؟!
پێت نەووتم ..
بۆچی دڕكو زەردەسیری ..

لەناو جەرگی خۆشەویستی ی
ژیانم دا ..
دەچێنیتو ..
ملی کۆرپەی تامەزرۆییم ..
بە خەنجەری پێشێل کردن ..
سەردەبڕیت ؟!

★ ★ ★

بۆ وا دەکەیت ... ؟
لە بەهەشتی دێرینی دڵ ..
هەڕادەکەیت ؟!
بەرەو کێوی پڕ هەورازی
ئارەزووی شێت ..
پێ هەڵدێنیت !!
لەبیرتچوو ..
ووتت چاوی شینم دەکەم :
بە هێلانە !!
دڵم دەکەم :
بە جۆلانە



## کۆرپەی سەوزی هیواکانی

تیا ڕاژێنە ؟!

لەبیرتچوو •• ووتت هەموو ژینم ••

تێکڕا دەکەم بە ئاوێنە ••

تۆش ئاوات بەو ••

بە ناو ڕەنگی سەوزی قەرسیلی‌ی‌دا

هەنگاو بنێ‌و

خۆت بنوێنە !

تا هەتایە چرای گەشی ••

بزەکانت داگیرسێنە ؟!!

پێت نەووتم ••

ئیتر بۆچی لەبیرتچوو ؟!

ئیتر بۆچی •• لەبیرتچوو ؟!

١٩٧٧

# پاپۆڕی دڵ مەدە بەگرت ...!

گەر دەزانیت بەجیمدێڵیت ..
لە سەر پەڕەی سۆزی دڵم
چی یادگارو
شوێنەواری ماچو ڕازو خەونت هەیە
پێشێل بکەو ..
بە نەشتەری لە خۆبایی
سکی خەونە کۆرپەکانم ..
هەڵدڕێنەو ..
لە هەمێزی بێوەفایی‌و
تەفرەدان‌دا
ئۆقرە بگرەو
تابلۆو وێنەی ماچەکانم ...
گشت بسڕەوە !

★ ★ ★

گەر دەزانیت ..
دەریای مەنگی خۆشەویستییت
تەنك نییە !
بۆ کراسی بەژنو باڵات
تەڕ دەکەیتو
خۆت دەخەیتە نێو گێژەنگەی
خنکانەوە ؟!

★ ★ ★

گەر دەزانیت ..
ئـەو چاوانەت .. ئۆقیانووسی
بێسنوورن ..
شــــڵپو هوڕی نیگاکانیان
بۆ لێواری مەســتبوونێکی
بێناونیشان
هەڵمدەگرن !
بۆ دەتەوێت بە شەپۆلی

هەڵچووی قینت ...

پاپۆڕی دڵ بوەستێنیو

بیدەیتە گرت ؟!

★ ★ ★

گەر دەزانیت ..

بەجێهێشتن .. چەند ستەمە .. !

جێم ناهێڵیو

دڵی گەشم لەبیر ناکەیت !

گەر دەزانیت ...

بەجێهێشتن بڵێسەیەو ..

دەم سووتێنێت !

بۆ لە باخچەی ئارەزوودا ..

نوێنی نەرمی گەڕانەوەی

ڕازو خەونو یادەکانتم ...

بۆ ڕاناخەیت ؟!

کچی تۆ چۆن .. لە دڵت دێت ..

لانەی کۆرپەی

دڵێکی سەوز ••

هەڵتەکێنێت ؟!

★ ★ ★

گیانە جیهان •• ئەو خەونەیە ••

دەمان بینێت‌و نایبینین !

بۆ جێم‌دێڵیت ؟! ••

نایەیت سواری ••

شانی ئەو خەونە بین ؟!

★ ★ ★

۳۱-٥-۱۹۷۷

# ئاواره

من لە شاری دڵداریدا
ئاوارەمو خەمی ڕێگا دەخۆمەوە !!
کە پەنجەرەی ژووری حەزم دەکەمەوە ..
تەمو مژی ناهەمواری
تووشم دەبێت ..
بە بێداری ..
بۆ باوەشی ئاوارەیی
دەڕۆمەوە !!

١٩٧٥

★ ★ ★



# نەورۆزو خۆشەویستی

★★★★★★★★★★★★★★★★★★★

وا نەورۆزە وا هاتەوە ،
گوڵی رەنگین ،
وەرزی بەهار ،
چیمەن ، گوڵزار
بۆ پێکەنین ،
دەمی خۆشیو کامەرانی
دەکاتەوە !
ئەی فریشتە چاوکاڵەکەم ..
منیش لەگەڵ هەڵهاتنی ڕۆژی نوێدا
چەپکە گوڵی مژدەو خۆشـــیت ..

پێشکەش دەکەم !

ماچی چاوی خۆزگەکانی

ئـەمڕۆت دەکەم !

دەبمە بزەو زەردەخەنەو

لـەنـاو کێڵگەی دڵی گەشی

ئارەزووتدا

تێر تێر دەدوێم !

★ ★ ★

وا نەورۆزەو

ئاگری خۆشی دەکرێتەوە !

سەرماو سۆڵە •• سەرهەڵدەگرێت ،

کۆچ دەکاتو

دەبڕێتەوە !

ساڵێکی نوێ سەرهەڵدەدات ،

دارو درەخت

سروشت هەموو

چرۆ دەکات !

★ ★ ★

لەم ڕۆژەدا .. لە نەورۆزدا ،
لە گشت نەورۆزێکدا ،
لێوی خۆزگەم ،
ماچی چاوی ،
گۆنای ئاڵی ،
خۆشیت دەکات !
یادی نەورۆز دەکاتەوە !
چەپکە نێرگس ، چەپکە سۆسەن ،
چڵی زەیتوون
لەناو باخچەی ساڵی نوێدا
بۆ گشت یارێك
گشت دڵدارێك
دەباتەوەو
دەباتەوە !

١٩٧٧/٣

# چیی ناو دەنێیت ؟!

چیی ناو دەنێیت ..
فرمێسکی چاو ، شەوبۆ بگرێت ؟
پرشنگی تاو
دڵ ڕابگرێت ؟
ڕووباری ئـاو
لەناو جەرگەی زەماوەندی
سروەو کشەی هاتو چۆدا ،
بەستە بڵێت ؟
گوڵی شەیدا
وەڵامی دەنگی بولبول بداتەوە ؟!
خونچەی ئەوین ،
پێکی بەهار ، بخواتەوە ؟!

★ ★ ★

چی ناو دەنێیت ..
گڵۆپەکان ،
بە دەستی خۆ ، دابگرسێن ؟!
لاپەڕەکان ، ژینی خۆیان ،
بخوێننەوە ؟!
نووکی خامەو پێنووسەکان
بۆ باوەشی تینی خۆری
تێنووسەکان ..
دڵی خۆیان ، بتوێننەوە ؟!
گوڵی بەستە
لە باخەڵی باخچەی پێکەنیندا
دەمداتەوە ؟!
کۆرپەی ئەوین
بۆ ئامێزی دایکی ووشەی
بڕواتەوە ؟!

★ ★ ★

چی ناو دەبێت ..

لقی چرۆی خۆشەویستی ی

ئێو دەروونمان ..

بڕوێتــەوە ؟!

لە فەرهەنگی مەی نۆشیدا

ڕیشەی دابکوتێتەوە ؟!

★ ★ ★

چی ناو دەبێت ..

غەم کۆچ بکات ؟!

مردن .. گڕی تێبەربێت ،

کۆشکی پەستی دابڕووخێت ؟!

خۆشی .. جلوبەرگی ئاڵو والا

لەبەر بکات

سەر لە ماڵی گڕو گاڵی

ژیان .. بدات ؟!

★ ★ ★

چیی ناو دەبێت ..

ــ بەستەو هۆرەو شادمانی ؟

ــ ژیان ، ئاوات ،


کامەرانی ؟!

١٩٧٦

## دڵداری

دڵداری کردن سوێندو پەیمانە
بەڵێنی ڕاستی دوو دڵو گیانە
کە پەیمان شکا ، شوشەی دڵ دەشکێت ،
لە دادگای دڵدا ، یار سزادانە !

١٩٧٣



# چاوەکانت ...

چاوەکانت
دەریای قووڵی خۆشەویستین
بیابانی دڵی تینووم ،
تێر ئاو دەکەن !
شا ئاوێنەی قەد دیواری
بەژنی ئارەزوومن
بەسەرهاتی داهاتووی زۆر دووری ژینمی
تیا دەبینم !
وەرزەکانم ..
سەری چرۆی تیا هەڵدەدەن !

چاوەکانت
زەریایەکن
کەشتیی هەستی زۆر بە کوڵم
ووشەی دڵم
مەلەی هۆنراوەی تیا دەکات !
شەقامێکن
پەیامبەری هەستو نەستم
بەناو دڵی هاتو چۆیدا ..
تێدەپەڕێت !
نەمامێکن
لەناو باخچەی ژینی ڕابوردوومدا
هەردوو ، شین بوون
تیشکی دەشتی
خۆشەویستی زۆر بەرین بوون !
بە شەماڵی نەرمو فێنکی
نیگای جوانیان

گەشەم دەکرد !

چاوەکانت

مەلی سۆزی دڵداری بوون

دوو چرای شەوی تاری بوون

بۆ ئارەزووی دڵی بەکوڵ

وێنەی تۆیان

لەسەر پەڕەی ژینم نەخشاند !

غەمیان ڕەتاند !

چاوەکانت

زوڵفی شادمانیم

دادەهێنن !

مژدەی کامەرانیم

بۆ دەهێنن

چاوەکانت !

١٩٧٤

# که هەنگاو ژان و خەم دەپروێنێت !

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

— ١ —

دلدارەکەم ..
هەورێکی پڕ لە باران بوو
بە سەر دەشتی
تینووی دڵدا ، بێ‌ووچان بوو
بە ئاسمانی ژیانم‌دا
زۆر گرماندی ..
هەر خەریکی ووروووژان بوو !
لە فرمێسکی گریانم‌دا
چەخماخەی دا
هات ، تێ‌پەڕی
پەردەی ڕۆیشتنی دڕی ..
بەندی دڵی
تێکڕا بڕی ..
بەلام ، بەلام ، باراتێك بوو

بۆ دڵداری

هەژانێك بوو

هەر نەباری

هەر نەباری !

★ ★ ★

یارەکەی من خەمو ژان بوو

بە چەند سەدە بەر لە مێژوو

لەدایكبوو !

تیری ژانی دا لە دڵم ..

خەمی شینی وەشاندە ێو

لەشی زەردو ژینی گڵم !

تا منو خەم .. بووینە برا

ئاڵای ژانیش

لە سەر كۆشكی ژین هەڵكرا !!

بۆیە گەڕام

بۆ ڕووی یارو تیشكی چرا !

بەڵام کاتێك بە خۆم زانی
ئەوم وون بوو ،
ئەمیش برا !
دەستەو ئەژنۆ دانەنیشتم
ئاگری ژان
دای لە پشتم !!
خەمیش لەشی ووزەی کوشتم !
هەڵسام ، ڕۆییم
بۆ دڵداری‌و بۆ ئاونیشان
ئەوەند گەڕام
خۆمم بینی تاك‌و تەنیام
دڵ نەخۆشەو
لەشیش پڕ زام !
ڕێگەش دووره ••

ژانی یاریش بێسنووره !!

بەڵام ، بەڵام

هەر ڕۆیشتم ، هەر ڕۆیشتم

بەرەو کۆشکی ئەو دڵدارەی ..

بــە منداڵی

دڵی کۆرپەی خەونی کوشتم !

١٦-١-١٩٧٦

## مردن

ئەگـەر دەمزانی چی رۆژێك دەمـرم
بـەر لـە مردنم گـەردوون ڕادەگرم
لـە شـاری ژیندا بەرامبەر مردن
ئالای یاخی بوون خێرا هەڵدەگرم !

١٩٧٣

# بێداری ...!

نیوەشەوەو

هەزارەها دەمی تینوو

لە دەمدایە !

هەزارەها دەستو پەنجە

لە نێو باخەڵو سینەو مەمدایە !

نیوەشەوەو

هەزارەها قامکی گەش

لە نێو زوڵفو پەرچەمدایە !

هەزارەها زینی سەردەم

لە کۆشی گەرمی مەمدایە !

هەزارەهاش دێوانەیەو

لە نێو باخەڵی شەمدایە !

★ ★ ★

نیوەشەوەو

منی شەیدا درەختێکی تاکو تەنیای

نەڕواوم و

ژینی شینم

خەمی ڕەشەو

بەبێ ئەنجام داچەماوە

لە فەرهەنگی پڕ خەمدایە !

نیوەشەوەو

[ چاوەڕوانی ]م چەمی تەمەو

تۆفو سەرمای پێ فێربووە

تا کەشکەشەی لە تەمدایە !

لێوی ناسکی شەق شەق بردووی بە ئارەزوو

بۆ ماچێکی لێوی شیرین

نەخۆشێکی دەرد گرتەیەو

لە ناو دوو توێی قەرەوێڵەی

ماتەمدایە !

★ ★ ★

نیوەشەوەو

دەستو پەنجەم، توێ کراوەو

لە ناڵینی ستەمدایە !

ماچم، ڕازم

دەنگم، سازم

گۆمی مەنگن ..،

بەسەرهاتم

گەڵای زەردی درەختێکی

نەدرکاوە !

لە قەراغی باخێکی بێبەرهەمدایە !

★ ★ ★

نیوەشەوەو

تەنیا کۆرپەی دڵی منە

پەرێشانەو

لە زووخاوی سەد خەمدایە !

دەمی کۆرپەی دڵی منە

هەر لە شینو دادو ناڵەو



ماتەمدایە !

نیوەشەوەو

ئەم دووکەڵی بێداری‌یە

تا خۆرکەوتن ، دوایی‌نایە

دوایی‌نایە !!

١٩٧٧-٩-١٦

**خـەو**

**ویستم بخـەوم ، خەو چووە چاوم**
**لـە خەوما مردووم نێو گۆڕ نێژراوم**
**کە ویستیان بـە گڵ لەشم داپۆشن**
**لە خەو ڕاچەنیم سەیرم کرد ماوم !**

**١٩٧١**

# بەسەرهاتی چەند شەوێکی زڕ!

— ١ —

چەند شەوێکی زڕ تێپەڕی
ئەستێرەی گڕ
کوژایەوەو ، خۆشی ، سکی خۆی هەڵدڕی
باوبارانی چاوەڕوانی
لە باوەشی خەمی دووردا
سوانەوەو دڵی منیش
گورج ڕاپەڕی
پەژارەکانی
ڕوویان کردە بیابانی
برژانەوەو
یاخەی ژینیان تا خوار دڕی !
یار نەهاتو
بە ناو باخچەی ڕەنگاو ڕەنگی
خەونەکانی دڵی مندا
تێنەپەڕی !

— ٢ —

دەسا وەرە ، چاوەڕێتم ..

وەك پەنجەرە

لە بەردەمی سروەی فێنکی

دڵداریم‌دا

دڵی ژینت ، بۆم رابخەو

باڵەخانەی چاوەڕوانی

داڕووخێنە

پەژارەی ئاخ زوو لابەرە

دەردو پەتا بتوێنەوە ..

وەك چرایەك

لەسەر پەڕەی گیانی گەشت

هەڵم‌بکەو

بمژێنەوە

بمژێنەوە !

١٩٧٧/٩

# باران و خەونی سەوز!

ئەگەر هەوری پەژارەی ڕەش
دنیای ژینی
هێنامەیەك
وەرە وەکوو خەونێکی سەوز
لەبەردەمی ئارەزووومدا
سەرهەڵبدەو
دەستی ساماڵ بە سەر قژی
کامەرانی دڵدا بێنە!!
گەر ڕووباری ماچ لێم تۆراو
لە جەنگەڵی چڕی غەمدا
بەجێی هێشتم!
وەرە دەریای لێوەکانت
بکە باران •• بەڕەهێڵە
بە سەر کێڵگەی ووشكو زڕی

لێوانم‌دا .. دای‌بارێنه !

تاکوو منیش

بیمه گوڵی ئاسۆی گەشی ئەرخەوانی

لە ناو باخچەی

کوڵم‌و گۆنای دڵداری نوێی

بێ‌وێنەت‌دا

بڕوێمەوە !

١٩٧٧

## غەم

گیانەکەم ئەمڕۆ ، دڵم غەمگینە
وەك ئەو فەرهادەم کە بێ‌شیرینە
قوڵنگەی تیژی نائومێدی هات
ڕووخاندی کۆشکی شادی‌ی ئەم ژینە !

١٩٧٤-٣-٢٦

## گۆرانییەکی لە بارنەچووی کەنار سیروان!

[ شتێك لە ناخمدایە ، لە شكۆ بەهێز ترەو هانی نووسینم ئەدات ] ..

« ئەلفرێد دۆفینی »

[ ئەی سیروانی سەرگەردانی هەورازی شێت
ئەم فرمێسکە خوێناویەی تۆ ..
لە کوێوە دێت ؟!
کەی گریانی ئاوارەییت ..
کۆتایی دێت ؟! ]
- گوێم لێبگرە
تا بڵێم پێت .. !
ئەستێرەکان بە ئاسمانی ماچەکانی شێوانمدا
گرەیان دێت !!

خۆزگەش خۆرەو
لە سەر زاری یارم هەڵدێت !
[ ئەی سیروانی ئاوارەی وێڵ
تەکان بدەو چاو هەڵبڕە
هەڵسە سەر پێو
ماچ لە دەمی ڕۆژ بکرە ! ]
- گوێم بۆ شل کە
چاو پڕ کل کە
تێم بڕوانە ..
منی شەیدا ، لە باوەشی ،
چەمە سەوزە چڕەکانی
کەنارتدا
هۆرە دەڵێم !
بۆ چاوی تۆو دڵدارەکەم
بۆ یارەکەم
بەستە دەڵێم !

[ گیانە سیروان ..
بولبولێکم
بەستەی سەوزم لەسەر زارەو
تۆ دەدوێنم !
ئەستێرەکان ..
دار پەڵکەکان
چاوکاڵەکان
نەیجە سەوزە بێباڵەکان
لە لانکی گۆرانیدا
رادەژێنم ! ]
« بۆچی دەگریت .. ؟!
ڕێی گۆرانیو
هۆرەم دەگریت ؟! ... »
- گوێم لێبگرەو
ناسۆری دڵ بسووتێنە
ووشەکانم ، تۆ دەدوێنن

بیان‌دوێنە !

[ تۆ دەزانیت ، هاوڕێکانت

سەر نادەن لێت !

نە ماچ لە سەر گۆنای شینت

دەچێنن‌و

نە لە لێویان ، ماچ دەدەن پێت ! ]

ـ گیانە سیروان

ڕۆژی خۆشیت

هەڵهاتووەو هەنگاو دەنێت

دەسا وەرە ، تۆش گۆرانی‌و بەستەکانت

تێکەڵاوی ئەم ئاوازو

حەیرانە کە !

غەم‌و ژانت

تێکەڵاوی ئەم ئازارو غەمانە کە !

بەستە بڵێ‌و

ماچ بۆ زاری منداڵانی لادێیەکان

بووەشێنە !

نوقلانەی خەون

نوقلانەی تیشك

بۆ کۆرپەکان ..

بۆ ساواکان

دارژێنە !!

[ ئەی ڕووباری سەرگەردانی هەورازی شێت

لەبیرت دێت ؟!

من و تاقە یارەکەم و

ئەستێرەکان

باوەشمان بۆ دەگرتیوەو

خەرمانێکی ماچی گڕمان

پێ دەبەخشیت ؟! ]

... هۆ هۆ ئاوە غەمبارەکە ...

لەبیرت دێت ؟!

بە ناو تاقگە شێتەکانی باوەشتدا

دەستی یەکتریمان

تووند دەگرت و

لەگەڵ ماسییە سپی و زەردو سوورەکانی

ناخت‌دا

چاوەشارکێی غەممان دەکرد ؟!

ئەوە کێیە تۆی خۆش ناوێت ؟!

بەستەو هۆرەی ژان و غەمت

ناڵێتەوە ؟!

- لەبیرم دێت
من و تاقە دڵدارەکەم
بەناو بێشە سەوزەکانی خەمخواریتدا
ماچی قووڵمان
لە ناو جەرگەی لێوی یەکتر دەفڕاندو
هیچ چاوێکیش نەیدەتوانی
« کوڵ »ی ڕقمان لێبگرێت و
وێنەکانمان بە رووی چاوی



ئاوایدا بیرژێنێت !

چاوە کاڵەکانت نەبێت ..

خەمی دڵی ئێمەی دەخوارد

هیچ ڕازێکی نەدەدرکاند !

من و یاریش

لە ناو لەشی یەکتریدا

دڵنیابووین

لە ناو ماچدا .. دەتلاینەوە !

بەیانیان و

نیوەڕوان و

ئێوارانیش ..

لە دەلاقەی ئارەزوودا ..

دەخولاینەوە !

کاتێك دەستی شەو دەهات و

تیشکی خۆری سەردەبڕی

بە هێمنی بەرەو لادێ

دەکشاینەوە !

بۆ بەیانی ..

گوڵی هەمان بەزم دەبووین

دەڕواینەوە !

[ ئاخ .. ئاخ .. ! سیروان ..

سیروانی وێڵ

لەبیرت دیت ؟!

کاروانێك هات

لە کەناری گۆمو چەمو ڕووبارێكدا

بارو بنەو کۆڵی خستو

کۆچەرێکی لێو بە بارو خەفەت کوشتەی

لێ‌دابەزیو

چەمایەوەو ماچی کردیت

دوا گۆرانیی

بۆ چاوی تۆو ، کۆچی یارە بێ‌نازەکەی

تێر ووتەوەو

[ له چاو وون بوو ؟! ]

ئەوە من بووم
ئەو کۆچەرە
ئەو جەرگ‌و دڵ پڕ خەنجەرە ••
لە پای گردو تەپەکاندا
درِك‌و پەیکوڵ
خوێنی پێمیان دەخواردەوە !
بە پۆستەی خوێن
نامەم بۆ یار
دەناردەوە !!
ـ ئەی سیروانی کەفچەرێنی دەستەو ئەژنۆ
جێت ناهێڵم
هەر دێمەوە
گۆرانیت بۆ دەڵێمەوە !
ئەی سیروانی هێمن‌و شێت
کێ دەتوانێت

تۆی خۆش نەوێت ؟

کێ دەتوانێت ..

چاورەشان و چاوکالانی

ئەم کەنارو ئەو کەناری

تۆی خۆش نەوێت ؟!

کێ دەتوانێت

بەجێت بێلێت ؟!

ئەی سیروانی نامۆی دەشت و

کێو و هەردە بێ گوڵەکان

ئەی زامداری دەستی دڕك و زەردەسیری و

پەیکوڵەکان ..

کێ دەتوانێت ..

جێت بهێڵێت ..

کێیە ئەوەی جێت دەهێڵێت ؟!!

کێ جێت دێڵێت ..

کێ جێت دێڵێت ؟!!

١٩٧٧

# پەنجەرە

★★★★★★★★★★

خەوم بینی

لە هۆنراوەی دڵداریدا

پەنجەرە بووم !

شەوی دڵڕەق ، مێردەزمەی تاریکی بوو

بە گوڕ هاتو

پێڵووی چاوو هەستو نەستی

لێ داخستم !

دزو جەردە دڵ سەختەکان

داووروو ژان ••

بە پسکە پسك ، تیریان وەشاند

شووشەبەندی دڵیان شکاند !

تەنیا گوڵی پەردەیەکی خنجیلانە

هەم هیلانە


هەم ئامانجو ئاواتم بوو ••

ڕایانڕفاند !!

گەڵای ژینیان وا هەڵوەراند ••

لەو کاتەوە ، ئەو خەنجەرە
چەقیوەتە ، دڵو جەرگی
ئەم پەنجەرە !
بۆیە ڕقیش
بوو بە بەچکە پاساری‌یەك
لێی هەڵفڕی‌و
باڵی خەمی ، لێ گرتەوە
گەڕا ، گەڕا ..
بۆ ڕوخساری ئەو ئازارە
ئەو دڵکوژە
دزو جەردەو تاوانبارە
تا بە دەنووك ..
چاوەکانی هەڵکڵۆفێ‌و
بیکات بە پەندی ئەم شارە
چی ئاوات‌و هیوای هەیە
ملیان گیرکات
لە سێدارە !!

١٩٧٧-٨-٢٣



# سووتووی داچۆڕانی ئەستێرەیەکی بێ نان..!

کە هاتیتە ژیانمەوە ••
خۆت هاویشتە چاوانمەوە ••
ئەو ئەستێرە •• بێ نازەبوویت
فراوانیی دڵی ئاسمانی دڵداریت
لەگەڵ خۆتدا •• هەڵگرتبوو !
منی خەمیش ••
ئەو بایە بووم ••
ڕێگای پڕ پەیکوڵی هات و نەهاتم گرتەبەر !
لەسەر لووتکەی بێداریوە
هەڵم کردو ••
تۆی بێزاریش •• سێبەرێك بوویت
لە لێواری دەریاکانی ••
هۆڵ لێهاتووی خەمناکیدا ••
ڕاکشابوویت ••

بۆیە هاتم خۆم هاویشتە چاوانتەوە

تاکوو خەوی بیرچوونەوە

لەناو بێشەی ماچەکاندا •• بتوێنەوەو ••

پۆلە مەلی دڵی شەیدا ••

بەرەو دوورگەی لێوەکانت ••

باڵی خۆشی بگرێتەوە

کەچی خۆم دیت •• ساڵی سەوزی

بەتەمەنم

تۆیش زستانی ••

پڕ لە پیتو پیرۆزییت !

کاتێك لە هاوینی خەونو پەژارەدا

رووت دەکردە •• خەمی شینو ڕێی دڕکاوی

بوویتە ئەو ئاوازەی ••

بە لاولاوی ژیانمدا •• هەڵدەزنایت ••

ووشەیەك بوویت ••

لە دەنگمدا ، سواری زینی ئۆرکسترای

•• زامان دەبوویت ••

کە تۆرایتو ماڵ ئاوابیت لێ کردمو

بەجێت هێشتم ،

بە دووات‌دا ، دەریای چاوم ،

بوو بە دەشتو بیابانی

مانگی زەردو ئەستێرەکان !

لە باوەشی ڕێگاکان‌دا

خۆم وون‌کردو ڕێگاکانیش وونیان‌کردم

گەرمو گوڕی‌ی باوەشیانم

نەبینیــەوە !

لــە گێژەنگەی برینێــك‌دا

گیرسامەوە ،

کلیلی ئەم دڵە کۆرپە پڕ لە زامەم ••

دایە دەستی پەژارەو خەم !!

لە سێبەری سەد پەیکەری ••

خەونو یادە تاڵەکان‌دا ،

دەستەو ئەژنۆ ،
لێی دانیشتم !!
نەمدەتوانی ..
پەلی زارم
بۆ گۆی مەمکە نەرمەکانت
بۆ لێوە پڕ شەرمەکانت
بهاوێژم ..
تەرمی خەونو ئارەزووە ..
چرەکانمی
تیا بنێژم ..
تیا بنێژم !!

١٩٧٧-٦-٩

# هەنسکی دەنگە بێ ئۆقرەکان !

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

غەم دەریایەو لە بن نایەت ..
شەپۆل ئەداو بەرەو ناخی دڵی کۆرپەم
پەڵدەهاوێت !
ترس و لەرزی ناهەمواریم لێ نیشتووە !
لە کوێ بێنم دڵێکی وا فراوان و
بێ پەروانە ..
وەك ئەستێرەی داچۆڕاوی ئەم ئاسمانە
ئا ئەم هەموو غەم و ژانە ..
بگرێتە خۆی !

## چوارەمین دەنگ

[ - ئەی غەمەکان ، مەیەن ، مەیەن ،
دوورگەی دڵی بچکۆلانەم
داگیرمەکەن !
لانەی یاری بێ جۆلانەم
جێ لەق مەکەن !! ]

## دووەمین دەنگ

- من نە زنجم ، نە کەپریشم
لە قامیشی بێدەنگیدا
چاوی ژینم هەڵهێنا بێت !
من ئەو دڵەم گڕی گڕم تێبەربووە
ڕەوە مەلی بێهێلانە ..
پۆل پۆل دەهێن ..
لە سێبەری سەربڕاوی ،
خەونەکانی منداڵیمدا ..
بار دەخەنو
دادەواڵێن !

## سێهەمین دەنگ

- من نە بەردم
نە فرفێسکێکی زۆر سەردم ،
ڕووبارێکم
« سێ خڕان »ی زستانانو هاوینانم

لێ‌تۆراوە !

ڕەوە ماسی‌ی برسی‌و تینوو ..

دەمی قرپیان بۆ چاوانم .. هەڵزناوە !

من نە خەونی بزرکاووم ..

نە کاروانی بەجێ‌ماووم ..

چەمێکی بێ‌سروەو دەنگم

دەنگم لە خۆمدا نێژراوە ..

شێوەو ڕەنگم

بە ئەسپی شێ‌ی بێ‌دەنگیەتی ..

ڕفێنراوە !! ]

## یەکەمین دەنگ

ـ من نە خەونم

نە گوریسی تەنیشت تەونم

دڵدارێکم

چناری سەوز .. لە دڵمدا ..

لە سەر لووتکەی کێوی هیواو

خەونەکانم ..

وەکوو زەیتوون .. گوڵ دەکات و
بۆ کەشکەشەی ئاسمانی خەون ..
سێبەری نوێ دەگرێتەوە !
من ئەو دەنگەم
لە ئاوزەنگی دەنگی خۆمدا
دەمبێژنەوە !
من ئەو ڕەنگەم
لە ناو ڕەنگی دڵی خۆمدا ..
دەم بێژنەوە ..
دەم بێژنەوە !!

١٩٧٨

## گریان و زەردەخەنە

گەر نەسووتێین من و تۆ لە ڕێی ژیاندا
کێ بسووتێت ؟ کێ بقرچێت ؟ لە جیهاندا ؟
سووتان و ئازارو ژان ، چێژن بۆ ژیان ،
زەردەخەنەت نەدیوە لەگەڵ گریاندا ؟

١٩٧٥

# شیرین فەرهاد دەدوێنێت !

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

هۆ فەرهادی پاڵەوان
هۆ ڕەنجدەری بێووچان
خێراکە زوو قوڵنگەکەت ڕاوەشێنە !
بۆ کۆشکی من ..
بۆ کۆشکی پڕ لە ئەشکی من ..
ئاوی ڕوونی ئەوین بێنە !
چەمی بەختت .. داساکێنە !
تۆ دەتوانی .. بە گۆرانی ..
بێستوونی سەختو سەرکەش
داڕووخێنیت !
لە زەمینی ووشكو برنگ
ئاوی سازگار

بۆ تینوێتیی منی بەهار

دەربهێنیت !!

سا خێراکە ، شانۆ باهووت

دەستو بازووت ..

ماندوو بکەو قوڵنگەکەت بوەشێنە !

وازمەهێنە ..

لەو کێوانـە ..

ئاو دەربێنە ..

ئاو دەربێنە !!

★ ★ ★

هۆ فەرهادی روومەتگەش

هۆ نەخۆشی مردووی باوەش

ئارەقی زۆر بڕێژە ..

تینوویەتیو برسێتیش بچێژە ..

تا دەتوانیت ، ئەو قوڵنگە ڕاوەشێنە ..

جۆگەی ئەوین .. بەو دەستو بازووە ..

دێتە کایە !

با هاوین بێت •• با سەوون بێت !

با پیرەژن ••

هەر خەریکی پەتک‌و بەندو تەوون بێت !

قولنگەکەت ڕاوەشێنە

کێ گومانی لە دڵدایە ؟!

کێیە دەڵێت : ووشکە ساڵەو

ئاو دەرنایە •• ئاو دەرنایە ؟!

★ ★ ★

هۆ فەرهادی پاڵەوان

چەندەها جار •• هاتمە سەر ڕێت

چەند جارم ووت

ئامۆژگاریی پیرەژنی کۆنە ساڵ

مەگرە گوێت •• !

با پەڕو باڵ ••

لە سەر لەشی نائومێدیت

دەرنەچێت !

گوێ مەگرە •• لەو دەنگانە ••

کەوا دەڵێن : وەرزوکاتی پشوودانە
ئاو دەرنایە
لەو کێوانە !
قولنگەکەت فڕێ مەدە سەر زەوی
ڕای وەشێنە ..
کێ بوو ووتی هەر بە گوڵێك
بەهار نایە ؟!
کێ بوو ووتی لەو لاپاڵە
ئاو دەرنایە ..
ئاو دەرنایە ؟!

★ ★ ★

هۆ فەرهادی زۆر تامەزرۆ
بۆ من ، هەرگیز خەفەت مەخۆ
من پێت ناڵێم
قولنگەکەت دانەو بڕۆ
ئەگەرچی ئەم لاپاڵە زۆر سەختە ..
قولنگەکەت دەیسمێت ..

کونی دەکات

دەیچمێت !

گوێم لێبگرە

قسەم روونە ‥ ئاشکرایەو بێ

پەردە ‥

جۆگای ئەوین هەڵبکەنە ‥

ئاوی روونی خۆشویستنم بۆ بێنە

دەستی ژینت لە بەرۆکم بەرمەدە ‥ !

من تاکوو هەم ‥

خەڵاتی تۆم

خەڵاتی تۆم ‥

خەڵاتی تۆم !!

٢-١٠-١٩٧٦

## زانین

کە زانیم فەلەك هاتو چۆیەتی
هەر کەسە هەوڵی دەمی خۆیەتی
ئەوی بێدەستە واقی وورِماوە ..
هاوارو دادو باوکە ڕۆیەتی !

١٩٧٤

# دوو وێنەی هەڵەوگەڕاوی سەرڕێگایەك ..!

## ١ ـ هاوڕێ

دوو هاوڕێ بوون ..
مێردەزمەی مەرگی پڕ قین ..
ڕاوی‌دەنان !
شەوی ڕەشی هەڕەشەی ڕەش ..
تاریکایی دادەباران !!
دوو هاوڕێ بوون ..
مەرگی دوژمن ..
دەستی تەنگی‌ی لێ‌هەڵچنین !!
ڕووبارێکی هەڵەشەو شێت ..
لە بەردەمی ئاواتیان‌دا ..
قوت بووەوە !
خەم تەك خەم‌دا .. جووت بووەوە !

دوو هاوڕێی بوون
هاوڕێیەکیان مەلەوانیی نەدەزانی ••
ئەوی تریان ••
ڕووباری شێتی دووشەق کرد ••
هاوڕێیەتی ••
لەوێدا مرد !!

## ٢ – گەڕان*

دەگەڕێین و پەرێشانین ••
شەو کەڵپۆسی بێدارییە •• !
دەگەڕێین و بێ نیشانین ••
قەتماغەی زام
شەوچرای ڕێی غەمبارییە •• !
دەگەڕێین و بێ زمانین ••
دەردو پەتا ••
کەشتیی دەریای ڕێبوارییە •• !
دەگەڕێین و بێ خەرمانین

جنێوی خەڵکی •• وا لە شوێنمان !!

دەگەڕێین‌و بێ‌داستانین

لە دووڕیانی بێ‌چاری‌دا

ڕێگای وێڵین !!

لە هەورازی بێداری‌دا ••

ئاوی لێڵین !

بە دوای ووشەی ،

زمانێک‌دا سەرگەردانین

دای بچێنین ،

گەڵای گەشی نوێ دەربکەین ••

تیر تۆی شەیدای پێ‌بدوێنین !

کەوی کوڵم‌و ••

سوێسکەی لێو ••

کۆتری سپی‌ی

دەنووك ئاڵی ..

ماچەکانتی ..

پێ‌ڕابێنین ..

پێ‌ڕابێنین !!

١٩٧٧

* ئەم پارچەیە پێشکەشە بەو کچە ناسکەی کە ناوی « ئایشێ »یەو خۆشم‌ویست‌و دڵمان بەیەك شاد نەبوون !

# دڵی کۆرپەم ڕابژێنە !

وەرە گیانە ، وەکوو باران
ماچی سەوزی لێوی تەڕت
بە سەر کێڵگەی تینووی
دڵی تامەزرۆمدا
ببارێنە !
وەرە وەکوو سرووەی فێنکی بەرەبەیان
هەڵم بگرەو
بەرەو ئاسۆی ئەرخەوانیی
ئەوینی نوێ
ڕام‌تەکێنە !!
وەرە ، لە قووڵایی .. ماچی قووڵی
شەوانت‌دا ، بە مەیی لێو
بمخەوێنە !
وەرە تاوێك ، لە باوەشی دەستبازی‌دا
دڵی کۆرپەی ئەویندارم
لە نێو لانکی دوو مەمك‌دا
ڕابژێنە !
وەرە تاوێك ، هەر بۆ تاوێك

چی ئاسۆرو غەمم هەیە
لە نێو دەروون ..
دەربهێنە !
بەو لەنجانەت
بە نەرمیی ئەو جەستە
جوانەت ..
بیڕەوێنە !!
وەرە تۆزێك ، بە زاری لەش
زاری لەشی بێ هاوەڵم
تێر بدوێنە !
بە ئاوی ژین
ئاوی ڕوونی کانیی ئەوین
ئامەزرۆی گیان
ئارەزووی نێو بیابانی تینووی لێوان
بۆ هەمیشە جوان بشکێنە ..
بەڵام دڵی
کۆرپەو ئاسکم
مەدۆڕێنە !!

١٩-١٠-١٩٧٨

# هاواریش هاوار دەکات..!

هەتا شاخیش لە بێدەنگیی ئەشکەوتەکان
هاوار دەکات !
ئاوی رووبار ••
لە خامۆشیی بووارەکان ••
هەڵدەچێت‌و پرسیار دەکات !
درەخت‌و دار ••
لە ڕقاندا •• گەڵای سەوزی دەتۆرێنێ‌و
زەمینی ووشك بێزار دەکات !
بەفری شەیدایش خۆی دەکوژێ‌و
لە سەر لووتکەی چیاکانی پەژارەوە ••
پرسیاری هۆی ••
رووخاندنی کەپرەکانی بەهار دەکات !
بگرە یاریش •• لە وێستگای چاوەڕوانی‌و
پەشێویدا ••

پرسیاری هۆی نەهاتنەوەی ••
دڵدار دەکات !
بگرە خەمیش لە خەماندا
رووی پرسیاری
لە ڕوخساری غەمبار دەکات !
تا شاعیریش •• لە ناو ژاندا دەتوێتەوەو
خۆیو ووشەو هۆنراوەکان ••
بێدار دەکات !
پشت لە کۆشکو تەلاردەکات !
تا ئاسمانیش •• بۆ کوشتنی خەونەکانی
دڵی چنار
قوڕ دەپێوێو هەزار پلار ••
لە لاساریی لاسار دەکات !
تا هاواریش ••
لە بێدەنگیی زارەکاندا ••
هاوار دەکات !
هەراو هوریا بێدار دەکات ••

تا ئەو ڕۆژەی
دوو دڵداری شەیدای یەکتر
بەیەکدەگەن ..
مژدەی دڵی پڕ لە ئەوین
بۆ یەك دەبەن !
دڵی منیش ..
لە ئاسمانی هیواکاندا
باڵی خۆشی دەگرێتەوەو
چەپکە گوڵی دڵداریەی نوێ
مژدەی شیرین
گوڵاوی خۆش
پڕ شار دەکات !!

١٩٧٧-٨-٢٤

# تاسەی دیدار

کچێ دێم و

بەرماڵی دڵ لە پەرستگای چاوانتدا

ڕادەخەم و

نوێژی گڕی خۆشەویستی

بە سەر لەشی ..

خەونەکانی ئەندێشەتدا ،

دەبارێنم !

کچێ دێم و

ماچ ئاڵامەو ..

لەسەر کوڵمی نازەکانت

دەیڕوێنم !!

دەبمە سەهۆڵ

لەبەر تیشکی خۆرەتاوی ،

هەردوو چاوی تینوێتیتدا

کڵۆ .. کڵۆ .. دەتوێمەوە !

دەبمە ماچێك

تەنیا ماچێك ..

لەسەر گۆنای پەلەو شێتی ..

لێوانتدا .. دەڕوێمەوە !

★ ★ ★

کچێ دێم و ..

لەشکرێکی بێ‌شوماری ..

خۆشەویستم .. !

بە قەڵغان و چەکی نەرمی

ووشەکانم

کیشوەری نێو ئەو دڵەیەت

داگیر دەکەم

ئاڵای خۆمی تیاهەڵدەکەم

لە نێو ئیزگەی دڵداریوە ..

دەڵێم کچێ ..

من هاتووم ••
بوونی خۆمو ئەم دڵەیەم ••
لە ژیانی ئەوینتدا
بسەپێنم !!

★ ★ ★

کچێ دێمو ••
تەمو مژی غەمو پەستیی ••
ناخی دەروون ،
ژەنگی جەرگی هەڵقرچاوی ••
بوونو نەبوون ،
لە پەیمانگای ژوانی بزەی ••
تاسەی چڕی دیدارتدا ••
دەسڕمەوە !
خەونی کۆرپەی
ژیانێکت بۆ دەکڕم
بۆ هەمیشە لە ناو جەرگەی



گوڵزارانی شادیو خۆشیو
کامەرانیو دڵداریدا ..
دەتژێنمەوە !

★ ★ ★

کچێ من دێم .. ئەتۆیش وەرە
باڵدارێکی خۆش ئاواز بە ..
لە سەر لقی داری دڵم ،
لانەیەکی ڕەگو ڕیشە ..
پڕ لە شەیداو پەلەو تاسەو
تامەزرۆیی ..
دامەزرێنە !
بە ناو باخچەی ژیانمدا
لە سەر گوڵی رەنگاو رەنگی
بەیانمدا
هەر بخوێنە .. !
تا ئەو کاتە دڵی شەیدام

بلاوێنە ••

کە دوو بە دوو

هەڵدەفڕین ، باڵی خۆشی دەگرینەوە !

★ ★ ★

کچێ وەرە

گەڵای پانی گەرم و گوڕیت

بە سەر سەرمای ••

لەشی ساردی ••

لەرزیومدا داباریێنە !

بەرەو شاری

خەندەو بزەو پێکەنینی

لەنجەو لاری باڵای گەشی

ئەویندارت •• دەستم بگرەو ••

ڕام تەکێنە !

لە هەمێزی خەونی خۆشی

باخچەیەکدا •• بمخەوێنە !

دەرگای سۆزی
لە بەردەمی خۆزگەکانی ئارەزووومدا
کراوە بێت !
چیرۆکێکی بێ پراوە بێت !!
لە قووڵایی هەست و نەستە
چڕەکاندا ..
بۆ یەکجاری بمهەژێنە !!

★ ★ ★

کچێ .. گەرچی مەلەوانم
مەلەوانی باش دەزانم ..
بەڵام گیانە
لە رووباری قووڵی تۆدا ..
مەلەوانی هیچ نازانم ..
دەسا وەرە ..

دەستت بێنە •• دەمت بێنە !

لەو گێژەنگەی ••

تێی کەوتووم ••

بۆ هەمیشە •• دەرم بێنە ••

دەرم بێنە !!

١٩٧٧-٤-٢٠

## داخ

لە داخی گەردوون خۆم سەرخۆش دەکەم
نیگاری پەری فەرامۆش دەکەم
بادەی تاڵی ژین بۆیە بەش منە
لە جیهاندا تف لە سەرپۆش دەکەم

١٩٧٤-٣-٢٨

# وەرزی سەرهەڵدان

گەرچی ڕێگەت دڕکو داڵە
پڕ لە کۆسپو سەرەو لێژیو
کەندو چاڵە
بەفری زستان
دای پۆشیوە !
هەوری ڕەشو خوڕەی باران
ئوقرەو ووزەی .. لێ بڕیوە !
ئەی چاو کەژاڵ ..
هەر دێم بۆ لات
دڵ ، گیرۆدەی دڵت بووە !
چەندین ساڵە ..
دڵ چاوەڕێی دەرفەتێکی ..

وای ساماڵە •• !

ئەی ڕوومەت ئاڵ ••

هەر پێت‌دەگەم !

لە باوەشی گەشی چاوە

پڕ لە تاوە ••

شینەکانی ژیانت‌دا ••

مەڵــە دەکەم !

دەبمە وەرزی کامەرانیو

لە سروشتی خۆش‌تۆشیت‌دا ••

سەر هەڵدەدەم •• سەر هەڵدەدەم !

١٩٧٦

ولـّـــــــــــــ ... م

باڵندەکان ..
لە سەر لقی سەوزی ژیان
هەڵدەنیشن ..
بە ئاسمانی دڵداری‌دا
جووت جووت هەڵدەفڕن !
پاساریەکان
لە ناو چەم‌و گوێسەبانەی
خانووەکان ..
جووت جووت لانە دەکەن !
لە ناو باخچەی دڵداریشدا ..
دڵدارەکان ..
بە شەقامی خۆشویستن‌دا ..

جووت جووت ، هەنگاو دەنەن !
کچێ .. ئایشێ .. هەر من نەبێت
لە ناو باخچەو لە سەر شەقام ..
تاکو تەنیام
تاکو تەنیام !

مەرگ دێتە لام
دەستێك نی‌یە .. قژی ئالۆزکاوی دڵم ..
دڵی گەشی پڕ ئەسکڵم ..
شـانە بکات !
دەستی نەرمی پڕ بەزەیی
بە سەر ئارەزووومدا بێنێت ..
وەکوو تینوو ..
بنووسێتە کانیی قووڵی ئەوینمەوە !
تینووی بشکێت ..
تینووم بشکێت !

★ ★ ★

کچی خۆ من چاوی ووشەم ..
کوێر نی‌یە .. !
ئاوی دڵم سوێر نی‌یە !
پەنجەکانی هەست‌و بیرم ..
نەشکاون !!
قاچەکانم گۆچان نی‌یە ..
هەنگاو بنێم .. مۆری شوێن پێم
لە سەر شۆستەی دڵداریدا
مەلە نەکات .. !
هەستی جوانی‌و خۆشەویستیم
نەســـوتاون
بەجیم بێڵن
دڕك‌و پەیکوڵ
وەکوو ئەسکڵ ..
لەشی بەختم گشت بکێڵن ..
من دڵدارم‌و دڵداری نوێ

له ئاخمدا دەتوێنمەوە !
له ئامێزی چاوو دڵی ..
سۆزە چرەکانی ئێستاو منداڵیمدا ..
گەورەی دەکەم ..
به چاوی دڵ
دەڕوانمە رووی کچە چاورەشـەکانی
شارەکەمان
بەڵام .. کەچی پێکەنینیان گوێم کەڕ دەکات ..
لـە بارتەقای
خوو و ڕەووشتی ڕزیوەوە ..
هەڵ دەدەنـە گوێی یەکتردا ..
به شـــەقامی ســـوێری ژیندا ،
هەناســـــــەم شەمەنەفەرەو ..
بێ ڕێبوارە ،
له سینەمدا خەفەتبارە !!
منی دڵدار

ڕێبوارێکم ، بێزارێکم ••
به دوای •• چاوڕەشێکدا •• وێڵم ••
لە سەرەتای بەهارێکدا
لە شارێکدا
پێیان ووتم ••
ئەو دڵدارە ••
لەو کەنارە ،
نەبینراوە !
بەڵام ، کەچی لە پەڕاوی پتورکاوی
بێ نازێکدا ••
نووسرابوو •• یارەکەی تۆ ••
لە ئەستوونی پشتی باوکی
نەهاتووەتە منداڵدانی دایکیەوە !!
کچێ ئێستایش بە شەقامی دڵداریدا ••
دەگەڕێم و

بۆ گوڵەکان ڕاز دەخوێنم ••

سیمفۆنیاکەم

هاوار دەکات

ئەی کیژەکان

ئەی چاو کاڵە تیر تیژەکان

وەرن دەرگای دڵی کۆرپەی ••

ئەوینی من ••

لە سەر پشتە •• !

ئەوەی دێتو ••

پێ دەنێتە ئەم بەهەشتە

لە هێلانەی دڵی سەوزی بەسۆزمدا ••

دەیخەوێنم ••

تا هەتایە لە جۆلانەی دلداریدا ••

دەیلاوێنم ••

دەیلاوێنم •• !

١٩٧٧.

# نەمدەزانی ...!

*************

نەمدەزانی ..
تۆ گوڵێکیت ، لە بەهاری دڵداریدا
سیس دەبیت‌و هەڵدەوەریت !
دەخلیسکێیتە .. ژێر هەنگاوی
پەشیمانی !!
بە دەستی بای نەبینراوی
شێتیتەوە ..
هەڵدەپەڕیت !
لە کامیرای ژینی خۆتدا ..
بە سیکارتی ئاگراوی
سکی خۆشی‌و کامەرانی
هەڵدەدڕیت !!

★ ★ ★

نەمدەزانی
ووشەکانی نامەکانم
چاوی کۆرپەی بێدایکی
پڕ فرمێسکن
بە ئاشکراو بە نیهانی ••
نایانسڕیت !!

★ ★ ★

نەمدەزانی ••
کامەرانی ••
لە ئەلبۆمی بیری تۆدا
تۆیی پێیەو لە یاریگای
چێژی نەنگ‌و کۆشکی مەیی‌و
دەستبازیدا ••
تووڕی دەدەیت !!
بەلام زانیم ••
ئەوینی من زۆر بە سۆزە

بۆ کەندڕی ملشکانی

خێرا دەبەیت

گیای ئەوینی ڕۆژگاری تۆ

لە سەر بنجی تەفرەلێدان

ئێستا دەڕوێت !

ئیتر هەرگیز دڵی من بێت

وێزەی دڵی تۆ ناکەوێت !

بڕۆ .. بڕۆ

بۆ قەڵبەزی گۆڵخواردنو بیرچوونەوە !

بۆ سەر لووتکەی پەشیمانیو

بەربوونەوە !

ئیتر دڵی ئەوینی خۆم

ناخەمە نێو داوی تۆوە !

بەرەو ئاسۆی دڵداریی نوێ

هەنگاو دەنێم !!

درەختێکی گەشاوەی نوێم ..

لەوێ دەڕوێم .. لەوێ دەڕوێم !!

١٩٧٦-٨-٢٤

## ڕق

وەها لە گەردوون ڕقم هەستاوە
باخچەی ئومێدی دڵم بێئاوە
تەمی ناسۆری سەری داپۆشی
لەوەتەی کە پێم بەم دیودا ناوە !

١٩٧٤-٣-٢٨

## مژدە ... !

من ئاوێك نیم نەخورێمەوە !
خونچەیەك نیم ،
بوخچەیەك نیم ،
نەكرێمەوە !
مژدەیەكەم ، لە ڕێتان‌دا
دەخنێمەوە !
من بەفر نیم ..
كە هاوین هات ، بە تیشكی خۆر
بتوێمەوە .. !
من كەپر نیم ..
گێژەلوولكەی چڕ هەڵبكات
تێكم بدات

ڕەنگم بیات

بتلێمەوە !

من باوەڕم ..

هیوام ، ڕێگام

بێ تەڵەکەو پێچو پەنام

لە ئاسمانی خۆشیتاندا ..

دەشنێمەوە .. دەشنێمەوە !

★ ★ ★

من دڕك نیم

تەڵەتان بۆ بنێمەوە !

من گورگ نیم ..

بکەومە چەم ،


مەڕی حەزتان گەمارۆ دەم !

من نە شەوم ، نە تاریکیم

من ڕووناکیی هەمیشەییم ..

ڕەنگ بۆ رووتان دەگرمەوە !

من باوەشم



چرای گەشم

ئامێزتان بۆ دەگرمەوە !

★ ★ ★

من لافاو نیم

لە ناکاتدا هەڵبکەمو بنیشمەوە ..

من سووتاو نیم

بە ئێشمەوە ..

سەری حەزم بنێمەوە !

من کە هاتم

ڕاستی‌یەکەم

ناکشێمەوە !

گۆرانیەکەم ..

دەڵێمەوەو دەڵێمەوە !!

★ ★ ★

من ڕووبارم
ڕووبارێکی بێ کەنارم !
من بەهارم ..
وەرزێکی پڕ لە گوڵزارم
غەمی ڕێگا دەتوێنمەوە !
بۆ هەمیشە گوڵی سەوزی ..
ووشەی پیرۆز ..
دەڕوێنمەوە
دەڕوێنمەوە !!

١٩٧٦-٧-٢٧

## رازی نەدرکاو

له دووری تۆ ..
جگەرەی غەم دەکێشم و
چرە دووکەڵی ئاخ
بە با دەدەم !
وەکوو بەفری
سەر لووتکەی داخ
له ئاسمانی پەژارەدا
دەتوێمەوە !

★ ★ ★

وەك ڕووبارێك
وەکوو هاژەی پەلکەدارێك
وەك زامدارێك
دێم و لەشی لەنجەکانت
دادەتەنم !

هەڵدەچم و
دەچمە کەشەی ووروو‌ژانی
ڕامووسین و
بیرچوونەوە !
خوڕەی تاقگەی حەزەکان و
مەلی پەلەو چاوەڕوانیم
لەناو باغی لیموکانتا ..
دەنیشنەوە !
کە هەڵدەستم ..
بە گالیسکەی ماچی سەر لێو
گەشتێك دەکەم ..
گشت مەبەستم
ببمە گوڵ و
بە بەرۆکی دلداریتدا
هەڵزنیم و
بڕوێمەوە !

١٩٧٧

# چاویلکەی چێژ...!

[ بۆ ئەلف میم ]

ئێوارە بوو ..
هەتاوی دڵ ، لە ئاسۆگەی دڵداریدا ..
بەرەو دەریای بیرچوونەوە ..
ئاوا دەبوو .. !
شۆستە زەردە بێ‌دڵەکان
لە ژێر قاچی چاوکاڵاندا
دەیان ناڵاندا !
قۆڵ لە قۆڵو پەنجە لە نێو پەنجەدا بوو
دەستی ناسك
لە گەردنی سێو دەئاڵاو
زاری تینوو
خۆی دەخستە نێو باوەشی
لێوی شیرین
لە رووباری پڕ هەنگوینی دڵداریدا

ئارەزووی سەد ساڵەی دڵی
کپ‌و خامۆش دەکردەوە !
سێبەرەکان تێکەڵ دەبوون ..
هەنگاوەکان لێک‌دەئالاّن !
سەرنجەکان ..
پتر دەبوون .. باڵی خۆشی‌و
شادمانی‌ی نەوبەهاری ئەوینیانەی
خۆماڵییان دەگرتەوە
لە سەر ئەبرۆی نەجووڵاوی
شۆخێکی شەنگ
ڕۆدەنیشتن
لەناو شاری دڵدا ..
گلۆپێکی هەزار ڤۆلتی‌ی ئەوینی نوێ
گڕی دەگرت
دادەگیرسا !
لە سەرتاپای ڕێگای هیوای ئارەزوودا ..

خۆزگەکانی چەندین ناخی
رووناك دەکردەوە !

★ ★ ★

ئێوارە بوو
پرشنگی دڵ •• ئاوارە بوو ••
ئاوا دەبوو !
چەند پەنجەیەك لە یەك ئالآن
چەند زارێکی تامەزرۆ
خۆیان هاویشتە نێو ئامێزی پڕ
چێژو خۆشیی ژیانەوە !
چەند پەلکێکی گرێ گرێ
کرانەوە !
لەم لایشەوە ، دوو سێبەری ،
بێ پەیکەری ،
خەمناكو سڕ ••
بە هەنگاوی دەرزی ئاژن
لێك دابڕان •• جیابوونەوە !

دوو دڵ ، لە یەك ، داترازان ..
خەمو ئازار
لەدایك بوون !
هەر لەوێدا ، بەسەرهاتی
هۆنراوێکی فەرهادانە
سەربڕێنراو
خوێنی ووشە
شانۆی ژینی بێدەسماڵی
تەنییەوە !

★ ★ ★

ئێوارە بوو
ووشەکانت ، باڵیان بە یەکتریدا داو
بەرەو خاکی نیشتمانێکی بێسروە
سەری حەزیان
خێرا هەڵگرت !
– وەرە ، وەرە ،
سەری حەزی ووشەی سەوزی

بەستەزمان مەپژێنە !

با سێبەرت دەستی ئۆخەی

لە گەردنی خۆزگەکانم ••

نەکاتەوە !

سووتاندتم •• تیاشما سووتایت •• !!

خەوی خۆشیت

لە منداڵی ووشەکانم تێك زڕاندو ••

ترس و لەرزت پێ‌فێرکردن !

گوێت نەدایە ترپە ترپی

دڵێکی پڕ خەنجەرو زام !

بە ناوچاوی بێ‌هەتاوی گلێنەمدا

پەڕیتەوەو

چەند ملوانکەی شارۆچکە پڕ

لە دەردو درمو پەتاکانت

لە مل کردو

بە سەر شۆستەی بیداری‌دا

دەستت دایە

خۆگەوزانو توایتەوە •• !

لە ناو ئابڕووی هەنگاوە بێ ئوقرەکاندا

گیرسایتەوە !

چێژو سێکس

دوو کۆرپەڵەی چاو کەژاڵ بوون

لە فەرهەنگی بێ ئاسۆتدا

تامەزرۆیی یەکتریان دەقۆزتەوە !

تۆیش بێ ئەزموون بوویت ••

بە دووی ئەسپی ئارەزوودا ••

جڵەوی خۆت ••

وون کردبوو !


بە بێهوودە ،

پەلکی ڕەشی خەونەکانی

ئەوسای خۆتت

دەڕستەوە !

★ ★ ★



ڕۆخی ئەلوەن ، هەمووی دارە
خەفەتبارە
دار خورماکانی ئەو شارە
زەردەخەنەو پێکەنینیان
ژەهری مارە !
ژینیان داوە
لە قەنارە ..
لە سێدارە !
شەقامەکان
خامۆشی‌یان پێوە دیارە !!
بۆ پشت لە ڕۆخی ئەلوەن هەڵدەکەیت‌و
بە ناو شاری ئارەزووت‌دا
ملی ڕێگای نەهامەتی‌و جنێو
دەگریت ؟!
چێژ وەرگرتن
پەساپۆرتەو لە نێو تەنکەی باخەڵتایە

قوڵەو ..

له گیرفانی بیرکردنەوەو

خوو و ڕەووشتی شێتییتدایە ..

ڕووبارێکەو ..

لاشە ڕووت و قووتەکەتی

تیا دەشۆیت و

تێر خۆسنیشی پێدەدەیت و

پاك نابیەوەو ..

له پاڵ سایەی

درەختە بێبوەکاندا

پاڵێکی لێدەدەیتەوە !

ئۆتۆمبێلە بێهاوتاکان ..

دێن و هەڵتدەگرن ..

دادەبەزی و

هەڵتدەگرن !

دادەبەزی و

هەڵتدەگرن !!

لە پەراوێزی شاری کپو خامۆشەوە ••

فڕێتدەدەن !

ئارەقەی شەرم

ئەژنۆت دەگرێت !

هێزو توانا لە دەماری

لەشی سستو پڕووکاوتا

ئیتر دەمرێت !

ئاوت •• دەمرێت ••

دەمرێت ••

دەمرێت •• !

★ ★ ★

ئامە زەردە شڕەکانت

بگرە کۆشو

ئەشکە سوێرە کوێرەکانت

بشارەوە !

ــ تێتدا سووتام ••

گڕێکی بێ ئوقرەت تێ بەردام !
بڕۆ گڕەکانت
بخنکێنەو
یادە سەوزەکانی
ڕۆخی ئەلوەن ..
لە یادی خۆو خۆشەویستیت ..
بپەڕەوە
بڕۆ پەنجەی شەرمەزاریت ..
مەسووتێنە !!
لە بواری سنوورەکان
بپەڕێوە !
بڕۆ .. ئەلوەن و ڕۆخە خەفەتبارەکەی
ڕقی زۆریان لێت هەڵساوە !
نەکەیت .. کچێ بخەڵەتێیت ..
جارێکی تر ..

پێی بهاوێژیتە ئەو ناوە !

هەموو زیخ و لمی ڕۆخی

ئەڵوەنی گڕ ••

دەتسووتێنن !!

چاوی چێژەکانت •• کوێر دەکەن و

پەساپۆرتی هەموو خەونەکانت ••

دەدڕێنن !

نەکەیت •• کچێ جارێکی تر

پەنا بەریتە بەر ئەڵوەن

چاویلکەی چێژ

لە چاو بکەیت

بە سەر پردی زامەکانی

ئەوساو ئێستای ئەو ڕووبارە

زامدارەدا بپەڕیەوە !

مەگەڕێوە ••

مەگەڕێوە ••

ڕقی ئەلوەن ..

نەهەنگێکەو

نەهەنگێکەو

قووتت دەدات ..

قووتت دەدات !!

١٩٧٧

## بوونو نەبوون

داخی ڕۆژگارم پڕ لە دەروونە ،
دادو هاوارمە لەم گەردوونە ،
تەماشای ئەم لاوە ئەو لای خۆ دەکەم
مایەو سەرمایەم بوونو نەبوونە !

١٩٧٤-٢-٢٨

# دوو پۆستەر

## یەکەم پۆستەر

لە باخەڵی پرسیارێکدا
نیشانەیەکی سەرسوڕمان ..
سەری هەڵداو ..
هاتە دووان !!
لە ناو شاری قەدەغەدا
سەری زۆرنازەنی
بێ ووچانی
هێنایە ژان !!
کە باخەڵی زریان پشکاند
بە دووی نیشانەدا گەڕان
سکی خەونیان ..
هەڵتلیشاند ..

هەزارەها پرسیاری تر

له دایك بوون

هاتنه زمان !!

## دووەم ڕۆستەر

له فەرهەنگی حەزو خەونو دڵداری‌دا ..

سەری ووشەیەکی بێ‌زمانی ..

گەشیان ڕژاند .. !

له دەلاقەی ئارەزوودا

چەندێك تیپی ئەو ووشە هەن

بوون به سۆزو ئاوازی تۆی ..

گۆرانی‌یە غەمگینەکان ..

لـە ناخەوە

دڵی هەموو

دڵدارێکی سووتێنراویان ..

پتر هەژاند !!

١٩٧٨

# سەربنانەوەی حەز..!

هاتم ، لە ناکاتدا ، هاتم !
وەك مردوویەك ..
کۆڵێك ژانو پەژارەو دارە تەرمێك ..
بوون بە یاداشت .. بە خەڵاتم !
مۆری پەنجەی ناهەمواریم
بە توێڵمەوە ..
هەڵگرتبوو !
گڕی سووری سەد بێداریم
تێبەربووبوو !
کە پێم نایە جەرگەی ژیان ..
بۆ ئامێزی چاورەشێکی نەرمو نیان ..
زیندوویەکی زوو مردوو بووم !

لەسەر پەڕەی فەرهەنگۆكو پەڕتۆكانی
دڵداریدا ••
نوقمی لیتەی غەمگینی بووم !
لە سنووری پسێنراوی ژیان دەرچووم ••
پەرێشـــانی
بوو بە هاوڕێو
بە میوانی
شەوو ڕۆژم !!
سەد تارمایی •• كەوتە بەردەم ••
باڵای بەرزی گەلاوێژم ••
هەناسە زۆر ساردەكانم •• شێتو هار بوون ••
ڕێی درێژم ••
ئەی دەتوانی
كێوی خەمو خەفەتباریم
لەبیر •• لەیاد •• بباتەوە !
گوڵێك نەبوو ••

لە ئامێزی حەزەکانی منداڵیمدا ..

دەمداتەوە !

لەو کاتەوە ..

دڵنیابوون .. خۆی هاویشتە ناو دڵمەوە ..

کە ژیانی پڕ لە دەردم ..

بە ئەو خەون و ئلواتەوە

سەری حەزی ..

دەناتەوە

دەناتەوە !

١٩٧٧-١-٢٤

## جەژنانە ٠٠!

گیانە وا جەژنــە ، جەژنانەم ناوێت
ماچی گــەرمی ئــەو لێوانــەم ناوێت
ئاشتیو ســەربەستی جەژنانەی منە
جەنگو کوشتنو وێرانــەم ناوێت !

## دەنگی بانگەوازێکی بێ سنوور!

هەڤاڵانم ، با هەمووومان ..

ڕووبارێک بین

لە جوگرافیای خوو و ڕەووشتی

هەوری ڕەشی ڕابوردوومان ..

یاخی ببین !

ئاوی پشوو


بۆ پرشنگی مێشکی سەدان هاوڕێی

پێ گەیشتوو

بەجێ بێڵین !

بەهارێک بین

سروەی بیرمان ، بەسەر کێڵگەی
دێرەکاندا مەلە بکات !
وەنەوشەی گەش
لە تویسانادا ، بۆ سەد باوەش
پەلە بکات !!
شمشێرێك بین
دەنگمان هەبێت
خەنجەرێك بین
ڕەنگمان هەبێت !
با پردێك بین



قەت نەهێڵین داودانەری چەقاوەسوو
بەسەر پشتی ئابڕوومان‌دا ..
تێ‌بپەڕێت
لەناو جەرگەی زەماوەندی زاوامان‌دا
هەڵبپەڕێت !
با هەردێك بین
تۆزی زەردی ، لیرەی كۆنی ( خەلیفە )مان
لێ‌نەنیشێت !!
تاوێرێك بین
چاوی مۆنی بێ‌ڕەنگاكان
ڕیشەی سەختمان
هەڵنەكێشێت !

با گرێك بین

ئاوی لێڵی هاوارەکان ،

پشکۆی دەنگی لێبوردنمان

نەهەژێنێت

دەنگی بیرمان

نەخنکێنێت !

ووشەیەك بین

لە گەروودا بڕوێینەوە

لە هاوینی قەدەغەدا

نەتوێینەوە

نەتوێینەوە !!

١٩٧٤

# ناخۆمەوە ..!

لێم ببوورن ناخۆمەوە
لەم بەهەشتە ، بەهەشتی ژین ..
خۆم ناخەمە نێو ئاگری
دۆزەخی قین !
لە سەر باڵی دڵی خوێنین ..
زامێکی کە ناژێنمەوە !
لە جەنگەڵی سەوزی ئەوین
گڕێکی سوور نانێمەوە !!
لێم ببوورن ناخۆمەوە !
بە بادەی ژین ، من سەرخۆشم
زۆر بێهۆشم
ئەوەی ئێوە دەیخۆنەوە
ییخۆمەوە
هەتا ماوم ناژێمەوە !

لە ناو ژانی زامەکاندا

دڵۆپ دڵۆپ دەتوێمەوە !

لێم ببوورن ناخۆمەوە

تاکوو ماوم

بۆ هۆنراوە ..

من ژیاوم !

بەستەیەکی جوانڕازاوە ..

بادەی منە !

بیرو هەستو زادەی منە !

لە سنووری ژین لانەدان ..

جادەی منە !

لێم ببورن ..

ناخۆمەوە ..

ناخۆمەوە !

١٩٧٤

# هەست !

من هەستدەکەم
باری سەختی سەد غەم دەبەم !
من هەست دەکەم
که غەم دەخۆم ..
بۆ رووباری سەد تەم دەڕۆم !
من هەستدەکەم
لە ڕێگادا ، ژان دەڕوێنرێت ..
لەجێگادا ،
خوێنی هەژار ..
دەسووتێنرێت !
من هەستدەکەم
کەم زام دەزێت

پەنجەی ئارام وا دەتەزێت ..
کە هەست نەکەم ..

من هەستدەکەم !!

★ ★ ★

من هەستدەکەم
هەست بە سۆزی گریان دەکەم ..
هەست بە گڕی سووتان دەکەم ..
هەست بە ژانی
پڕ لە ژانی جیهان دەکەم !
من هەستدەکەم ، لە ناو ژاندا ..
دەتوێینەوە !
لە ناو گڕی پڕ ڕقاندا
دەڕوێینەوە !

شمشاڵی دەست شوانی مەڕمان

بێدەنگ دەکرێت !

منداڵی ئێو دڵی تەڕمان ..

بێڕەنگ دەکرێت !

من هەستدەکەم

هەست بە قوڕی ، دەستەسڕی

نەمان دەکەم !

هەست بەو دیوی جیهان دەکەم

هەست بە چوونی

منو ئێوەو خۆمان دەکەم !

کە هەستنەکەم ..

من هەستدەکەم !

١٩٧٤

# کورتەیەك لە ژیانی شاعیر



★ لە سالّی ۱۹٥۱دا لە ناوچەی خانەقین هاتووەتە دنیاوە .

★ لە سالّی ۱۹۷۰دا قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە .

★ لە سالّی ۱۹۷٤دا بەشی زمانی کوردیی لە کۆلێجی ئەدەبیاتی سەر بە زانکۆی بەغدا تەواو کردووەو بەکەلۆریۆسی زمانو ئەدەبی کوردیی وەرگرتووە .

★ لە ( ۱۹۷۰ )وە خەریکی نووسینو خوێندنەوەو رۆژنامەگەرییە .

★ ئێستا لە دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی ئیشدەکات .

★ لە بلاوکراوەکانی :

– شەپۆلی ئاواز ، بەغدا ۱۹۷۸

( هۆنراوە )

# ساڵنامەی هۆنراوکان

| | هۆنراوە | ساڵ |
|---|---|---|
| ١ | هەنسکی دەنگە بێ ئوقرەکان | ١٩٧٨ |
| ٢ | دڵی کوڕپەم ڕابژێنە | ١٩٧٨ |
| ٣ | دوو پۆستەر | ١٩٧٨ |
| ٤ | سەرنانەوەی حەز | ١٩٧٧ |
| ٥ | باران | ١٩٧٧ |
| ٦ | تامەزرۆی کیشوەری چاوەکانتم | ١٩٧٧ |
| ٧ | نەورۆزو خۆشەویستی | ١٩٧٧ |
| ٨ | تاسەی دیدار | ١٩٧٧ |
| ٩ | پاپۆڕی دڵ مەدە بە گرت | ١٩٧٧ |
| ١٠ | چەند وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگ | ١٩٧٧ |
| ١١ | سووتووی داچۆڕانی ئەستێرەیەکی بێناز | ١٩٧٧ |

| | هۆنراوە | ساڵ |
|---|---|---|
| ١٢ | خۆزگەکان پەڕو باڵ دەردەهێنن | ١٩٧٧ |
| ١٣ | پەنجەرە | ١٩٧٧ |
| ١٤ | هاواریش هاوار دەکات | ١٩٧٧ |
| ١٥ | بێداری | ١٩٧٧ |
| ١٦ | بەسەرهاتی چەند شەوێکی زڕ | ١٩٧٧ |
| ١٧ | دوو وێنەی هەڵەوگەڕاوی سەر ڕێگایەك | ١٩٧٧ |
| ١٨ | دڵ | ١٩٧٧ |
| ١٩ | باران‌و خەونی سەوز | ١٩٧٧ |
| ٢٠ | گۆرانی‌یەکی لەبارنەچووی کەنار سیروان | ١٩٧٧ |
| ٢١ | ئەو شەوەی ئەستێرەی خەم لە جریوە جریو ناکەوێت | ١٩٧٧ |
| ٢٢ | ڕازی نەدرکاو | ١٩٧٧ |

| [redacted] | هۆنراوه | ســاڵ |
|---|---|---|
| ٢٣ | هێــلانــه | ١٩٧٧ |
| ٢٤ | چاویلکەی چێژ | ١٩٧٧ |
| ٢٥ | کە هەنگاو ژان‌و خەم دەپروێنێت | ١٩٧٦ |
| ٢٦ | چەند وێنەیەکی ئەلبۆمی دلداری | ١٩٧٦ |
| ٢٧ | چی‌ی ناو دەنێیت ؟ | ١٩٧٦ |
| ٢٨ | وەرزی سەرهەڵدان | ١٩٧٦ |
| ٢٩ | نەمدەزانی | ١٩٧٦ |
| ٣٠ | مژدە | ١٩٧٦ |
| ٣١ | برینەکان مەکوڵێنەوە | ١٩٧٦ |
| ٣٢ | تابلۆی هەستێکی نوێ | ١٩٧٦ |
| ٣٣ | سیمفۆنیای ئەوین | ١٩٧٦ |

| [redacted] | هۆنراوه | سال |
|---|---|---|
| ٣٤ | شیرین فەرهاد دەدوێنێت | ١٩٧٦ |
| ٣٥ | ئـەو گۆرانیـەی هەموو ڕۆژێك گوێی لێ دەگرم | ١٩٧٦ |
| ٣٦ | داو | ١٩٧٦ |
| ٣٧ | شـاری دڵ | ١٩٧٥ |
| ٣٨ | ئـاواره | ١٩٧٥ |
| ٣٩ | چاوەکانت | ١٩٧٤ |
| ٤٠ | نامەوێت | ١٩٧٤ |
| ٤١ | گۆرانی | ١٩٧٤ |
| ٤٢ | دەنگی بانگەوازێکی بێ‌سنوور | ١٩٧٤ |
| ٤٣ | ناخۆمەوه | ١٩٧٤ |
| ٤٤ | هەسـت | ١٩٧٤ |

# ئەوهۆنراوانەی لە گۆڤارو
# ڕۆژنامەکان دا بڵاوکراونەتەوە

| د | ناوی هۆنراوە | ناوی گۆڤار یان رۆژنامە | ساڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | ئەو شەوەی ئەستێرەی خەم لە جریوە ناکەوێت | بەیان ، ژمارە (٥٤) | ١٩٧٩ |
| ٢ | برینەکان مەکولێنەوە | بەیان ، ژمارە (٥٠) | ١٩٧٨ |
| ٣ | پاپۆڕی دڵ مەدە بە گرت | هاوکاری ، ژ (٤٢٠) | ١٩٧٨/٤ |
| ٤ | هێلانە | هاوکاری ، ژ (٤١٤) | ١٩٧٨/٢ |
| ٥ | باران | بەیان ، ژ (٤٦) | ١٩٧٨ |
| ٦ | خۆزگەکان پەرو باڵ دەردەهێنن | هاوکاری ، ژ (٣٩٩) | ١٩٧٧/١٢ |
| ٧ | تابلۆی هەستێکی نوێ | هاوکاری ، ژ (٣٧٧) | ١٩٧٧/٧ |
| ٨ | ئەو گۆرانیەی هەموو رۆژێك گوێی لێ دەگرم | رۆشنبیری نوێ، ژ(٦٠) | ١٩٧٧ |
| ٩ | سیمفۆنیای ئەوین | هاوکاری ، ژ (٣٦٩) | ١٩٧٧/٥ |
| ١٠ | نەورۆزو خۆشەویستی | هاوکاری ، ژ (٣٦٠) | ١٩٧٧/٣ |
| ١١ | چیی ناو دەنێیت ؟ | هاوکاری ، ژ (٣٥٢) | ١٩٧٧/١ |
| ١٢ | چاوەکانت | هاوکاری ، ژ (٣٤٤) | ١٩٧٦/١١ |
| ١٣ | دەنگی بانگەوازێکی بێ‌سنوور ! | رۆژی کوردستان ، ژ (٢٧) | ١٩٧٥/٦ |
| ١٤ | کە هەنگاو ژانو غەم دەپروێنێت | پاشکۆی ( عیراق ) ژمارە (١٥) | ١٩٧٨ |

# ناوەرۆك

## هۆنراوە


| | لاپەڕە |
| --- | --- |
| سیمفۆنیای ئەوین | ٧ |
| داو | ١٢ |
| چەند وێنەیەکی ڕەنگاورەنگ | ١٣ |
| تابلۆی هەستێکی نوێ | ١٩ |
| چەند وێنەیەکی ئەلبۆمی دڵداری | ٢٣ |
| نامەوێت | ٣١ |
| گـۆرانی | ٣٢ |
| ئەو گۆرانییەی هەموو ڕۆژێك گوێی لێدەگرم | ٣٥ |
| خۆزگەکان پەرو باڵ دەردەهێنن | ٣٨ |
| بـاران | ٤٦ |
| ئامەزرۆی کیشوەری چاوەکانتم | ٥٥ |
| ئەو شەوەی ئەستێرەی خەم لە جریوەجریو ناکەوێت | ٦٣ |
| برینەکان مەکولێنەوە | ٧٧ |
| شـــاری دڵ | ٨٤ |
| هێـلانـە | ٩٠ |
| پاپۆڕی دڵ مەدە بەگرت | ٨٥ |
| ئـاوارە | ٩٤ |
| ئەورۆزو خۆشەویستی | ٩٧ |
| چیی ناو دەنێیت ؟ | ١٠٠ |

چاوەکانت ١٠٦
کە هەنگاو ژان و خەم دەپروێنێت ١٠٩
بێـداری ١١٤
بەسەرهاتی چەند شەوێکی زڕ ١٢٠
بـاران و خەونی سـەوز ١٢٢
گۆرانییەکی لەبارنەچووی کەنار سیروان ١٢٤
پەنجـەرە ١٣٧
سووتووی داچۆڕانی ئەستێرەیەکی بێ‌ناز ١٤١
هەنسکی دەنگە بێ ئۆقرەکان ١٤٥
شیرین فەرهاد دەدوێنێت ١٤٩
دوو وێنەی هەڵەوگەڕاوی سەر ڕێگایەك ١٥٥
دڵی کوڕیەم ڕابژێنە ! ١٥٩
هاواریش هاوار دەکات ١٦١
تاسـەی دیدار ١٦٤
وەرزی سەرهەڵدان ١٧٣
دڵ ١٧٥
نەمدەزانی ١٨٣
مژدە ١٨٧
ڕازی نەدرکاو ١٩٣
چاویلکەی چێژ ١٩٥
دوو پۆســتەر ٢٠٩
سەرنانەوەی حەز ٢١١

| | |
|---|---|
| دەنگی بانگەوازێکی بێ سنوور | ٢١٥ |
| ناخۆمەوە | ٢٢١ |
| هەست | ٢٢٣ |
| کورتەیەك لە ژیانی شاعیر | ٢٢٦ |
| ساڵنامەی هۆنراوەکان | ٢٢٧ |
| هۆنراوە بڵاوکراوەکان | ٢٣١ |
| ناوەرۆك | ٢٣٣ |

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ـ بغداد
( ١٢٠٢ ) لسنة ١٩٨٠

دار الحرية للطباعة ـ بغداد
١٤٠٠ هـ ـ ١٩٨٠ م

25-10-1980 A.D.
Satarday